# بەریەککەوتنی زمانەکان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی

پ.ی.د. ئومێد برزان برزو          م. هێرش کەریم حەمید
زانکۆی گەرمیان
کۆلێجی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

**ناونیشانی توێژینەوەکە :**

زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤایەتیو هۆکارێکی سەرەکییە لە پرۆسەی پەیوەندییکردنو گەیاندنی پەیامەکان لە نێو تاکەکانی کۆمەڵدا، لە بەرانبەریشدا کۆمەڵ سەنتەری بەکارهێنانو گەیاندنی زمانە، بۆیە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان زمانو کۆمەڵدا هەیە. لە ئەنجامی پەیوەندیکردنو تێکەڵبونی کۆمەڵگاکانیش بە هۆکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیو ئابوریو کەلتوریو سیاسیو مێژوییو جوگرافیو بازرگانیو...لەگەڵ یەکتریدا بەریەکدەکەونو کاریگەریی لەسەر یەکتر دروستدەکەن. یەکێك لەو بەریەککەوتنانەش بێگومان بەریەککەوتنی زمانەکانە، لە ئەنجامی ئەم بەریەککەوتنە زمانییە، چەندین کاریگەریی زمانی لەسەر یەکتر دروستدەکەن، یەکێك لەو دیاردانەش وەرگرتنی وشەو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانە، واتە ئاساییترینو سروشتیترین دیاردەش کە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی زمانەکانەوە سەرهەڵدەدات، دیاردەی (وەرگرتنی زمانی)یە، بۆیە ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (**بەریەککەوتنی زمانەکانو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی**) تەرخانکراوە.

**ڕێباز و کەرەستەی توێژینەوەکە :**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنی پەیڕەوکراوە، هەروەها بۆ کەرەستەی توێژینەوەکەش سود لە نمونەو ئاخاوتنی زاری کرمانجیی ناوەڕاستی زمانی کوردیو زمانە بیانیو جیهانییەکان وەرگیراوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە :**


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

١- تا ئێستا بە گشتی باس لە زاراوەو چەمکی بەریەککەوتنی زمانەکانو هۆکارەکانی، بە تایبەتی بەریەککەوتنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی تردا لە ڕوی فەرهەنگەوە لە زمانی کوردیدا نەکراوە.

٢- جیاوازیو پەیوەندی نێوان بەریەککەوتنی زمانو ململانێی زمانو پەیوەندیی زمان نەکراوەو تا چەند کاریگەرییان لەسەر دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان بە گشتیو خواستنی وشە بیانییەکان بە تایبەتی هەیە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دو بەش پێکهاتوە:

لە بەشی یەکەمدا باس لە زاراوەو چەمکی بەریەککەوتنی زمانو هۆکارەکانی بەریەککەوتنی زمانو خستنەڕوی چەمکەکانی بەریەککەوتنی زمان (أشتباك اللغة - Language clash)و ململانێی زمان (الصراع اللغة - Language conflict)و پەیوەندیی زمان (الاتصال اللغة - Language contact) کراوە.

لە بەشی دووەمدا باس لە فەرهەنگی زمانیو وەرگرتنی زمانیو وەرگرتن لە ئاستەکانی زمانو ئامانجەکانی وەرگرتنو هۆکارەکانی وەرگرتنو پرۆسەکانی وەرگرتن کراوە.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکانو لیستی سەرچاوەکانو پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕو.

## ١) بەریەککەوتنی زمانەکان ( Language clashes ):

### ١-١ ) دەستپێك:

زمان وەك یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردنو گەیاندنی پەیامەکان لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگادا، لە بەرانبەریشدا کۆمەڵ سەنتەری بەکارهێنانو گەیاندنی زمانە، بۆیە پەیوەندییەکی قوڵ لە نێوان زمانو کۆمەڵدا هەیەو بە هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی گۆڕان لە زمانیشدا ڕودەدات.

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە لایەکەوە هەمیشە لە گۆڕانو وەرچەرخاندایەو تێیدا زمان بە تایبەت وشەکان هاوتا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا دەگۆڕێن، لە لایەکی تریشەوە هەمیشە لەگەڵ کۆمەڵگاو زمانەکانی تردا لە بەریەککەوتنو پەیوەندیدانو کاریگەریی لەسەر یەکتری دروستدەکەن، لە کاتێکدا کۆمەڵگاکان بە شێوەی جیاوازو بە هۆکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیو ئابوریو کەلتوریو سیاسیو مێژویو جوگرافی لەگەڵ یەکتریدا لە ڕەهەندی جیاوازەوە بەریەکدەکەون، بۆ نمونە لە ڕوی زمانەوە کاریگەریی لەسەر یەکتری دروستدەکەن. (بۆیە دەبێت بەریەککەوتنی زمانەکان بە یەکێك لە دەرەنجامەکانی بەریەککەوتنو پەیوەندییە نازمانییە درێژماوە یان کورتماوەکان دابنێین)(یحی مدرس: ١٣٩١: ٧٧).

### ١-٢ ) زاراوەو چەمکی بەریەککەوتنی زمانەکان:

زاراوەی (بەریەککەوتن) بەرانبەر بە وشەی (clash)ی زمانی ئینگلیزیو وشەی (أشتباك)ی زمانی عەرەبی بەکاردێت. بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە چوارچێوەی گریمانەی (بەریەککەوتنی شارستانیەتەکان)دا بەو واتایە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)

دێت. کە (شوناسی کەلتوریی و ئاینی نەتەوەکان بووەتە هۆکاری سەرچاوەی سەرەکی ململانێکان لە جیهاندا پاش جەنگی سارد. ئەم گریمانەیەش بۆ یەکەم جار بە وانەیەك لە ساڵی (١٩٩٢) لەلایەن زانا ( Samuel P. Huntington) لە پەیمانگای (ئەمریکان ئەنتەرپرایز) پێشنیارکرا، پاشان گەشەی بەم گریمانەیە دا و لە ساڵی (١٩٩٣)دا لە چوارچێوەی وتارێکی کاروباری دەرەوە، بەناونیشانی (بەریەککەوتنی شارستانیەتەکان) بلاّوی کردەوە)(https://en.wikipedia.org/wiki/Clash_of_Civilizations ). دیارە (زۆرترین گرنگی ململانێکان لە داهاتودا بە درێژایی هێڵەکانی شەقبونی کەلتورەکان ڕودەدات و شارستانیەتەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە، بۆیە جیاوازی نێوان شارستانیەتەکانیش تەنیا ڕاستی نییە، بەڵکو بنچینەیین، بەمەش شارستانیەتەکان لە ڕێگەی (مێژو، زمان، کەلتور، دابونەریت، ئاین) لەیەکتر جیادەبنەوە)( Samuel P. Huntington: 1993: 25 ).

چەمکی بەریەککەوتنی زمانەکان بە شێوەی جیاواز باسی لێوەکراوەو بە واتای جیاواز بەکارهاتوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین مەبەست لە بەریەککەوتنی زمانەکان، بەرکەوتنو پەیوەندی نێوان دو زمان یان زیاترەو کاریگەریی دانانە لەسەر یەکتری، هەر کاتێك دو کۆمەڵگای زمان یان زیاتر بەریەکدەکەون، پەیوەست بە هۆکارو جۆری بەریەککەوتنەکەیە، چەندین کەرەستەو دیاردەی مادیو مەعنەوی لە نێوان کەلتورە جیاوازەکاندا ئاڵوگۆڕییان پێدەکرێت، یەکێك لە کاریگەرییەکانی ئەم بەریەککەوتنو ئاڵوگۆڕکردنەش ڕەنگدانەوەیەتی لەسەر زمانی کۆمەڵگاکان، چونکە لەپاڵ بەریەککەوتنو پەیوەندیی کەلتوریو سیاسیو زانستی نێوان کۆمەڵگاکاندا، بەریەککەوتنی زمانیش دێتە ئاراوەو تێیدا بەشێك لە بنەما زمانییەکان لەنێو ئەو کۆمەڵگانەدا ئاڵوگۆڕی پێدەکرێتو دەرەنجام دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێك لە ئاخێوەرانی زمانەکان فێری زمانی بەرانبەر ببن، یان هیچ نەبێت، بەشێك لە یەکەکانی زمانەکە وەربگرنو بە هۆیەوە فەرهەنگی زمانەکەیان پێ دەوڵەمەندبکەنو لە شوێنو کاتی جیاوازدا بەکاریانبهێنن.

هەر کۆمەڵگایەك بەدەر لەوەی کە بەپێی پێویستییە ناوەکییەکانی خۆی هەمیشە لە گۆڕاندایە، بەهۆی بەریەککەوتنی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تریشدا بە بەردەوامی ڕوبەڕوی گۆڕان دەبێتەوە، هەر گۆڕانکارییەك کە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تر لە پێکهاتەو بونیادی کۆمەڵگایەکدا دەبینرێت، لە زمانی ئەو کۆمەڵگایانەشدا ڕەنگدانەوەی هەیەو دەبێتەهۆی پەیدابونی دیاردەی (وەرگرتنی زمانی). بۆیە (کۆمەڵگاکان بەپێی بارودۆخی جوگرافیو نەژادیو سیاسیو ئابوریی خۆیان کەم تا زۆر لەگەڵ یەکتر لە بەریەککەوتندان، کاتێك دو کۆمەڵگا بەریەکدەکەون، یەکە کەلتورییەکانیشیان بەریەکدەکەوێت، یەکەو بنەما کەلتورییەکانی کۆمەڵگایەك کە لە ڕوی سیاسیو ئابوریو زانستییەوە لە پێشترو سەروترە، زیاتر کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگایەك هەیە، کە لە ئاستێکی نزمتردایە، هەڵبەتە هەمیشە ڕەوتی کاریگەرییەکە لە سەرەوە یان لە باشەوە بۆ ئاستی خراپو نزم نییە، بەڵکو ڕوشدەدات، کۆمەڵگایەك لە ئاستێکی نزمتردایەو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا باڵاکە دادەنێتو بەشێك لە کەلتورەکەی دەگوێزرێتەوە بۆ کۆمەڵگا دەوڵەمەندەکە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕەوتەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە. لە ئەمڕۆدا کۆمەڵگایەك کە لە ڕوی ئابورییەوە دەوڵەمەندترن، لە ڕوی سیاسیشەوە باڵادەستی خۆیان بەسەر نەتەوەکانی تردا سەلماندوە، واتە هێزی ئابوریو سیاسی پێکەوە بەسە، بۆ ئەوەی بنەما


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**کەلتورییەکانیشیان لە ئاستێکی باڵادا بێت‌و هەمیشە کۆمەڵگای بچوکتر بخەنە ژێر کاریگەریی خۆیان‌و ببن بە سەرچاوە بۆ زمانەکانی تر**(محمد رضا باطني: ۱۳۹۰: ۹۰).

**نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژو نیشتمانەکەی داگیرکراوەو بە هەمو شێوەیەك لە لایەن دوژمنانەوە هەوڵدراوە، کە نەخشەی سیاسیی وڵاتەکەی بشێوێنن‌و لە هەمان کاتیشدا نەتەوەکەی پەرتەوازەبکەن‌و زمانەکەمان لێ قەدەغەبکەن. ئەمانە هەموی سیاسەتی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان بووە بەرانبەر بە نەتەوەی کورد، بۆ نمونە ئەگەر باشوری کوردستان وەك نمونە وەربگرین، لە پێش ڕاپەڕینی ساڵی (۱۹۹۱) سیاسەتی سەپاندنی زمانی عەرەبی (زمانی داگیرکراو) بەسەر دامودەزگا فەرمییەکان‌و پەراوێزخستنی زمانی کوردی پەیڕەودەکرا، بەڵام پاش ساڵی (۱۹۹۱)ەوە زمانی کوردی وەك زمانێکی فەرمی لە دامودەزگا حکومەت‌و پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دانراو چەسپێنرا، بەمەش هەنگاوێکی زۆر باش‌و گرنگبو لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی خۆماڵی‌و پاککردنەوەی زمانی کوردی لە چەندین وشەو زاراوەی بیانی، بێگومانیش هیچ زمانێك لە خواستن‌و وەرگرتنی وشە بیانییەکان بەدەر نییە.**

**١-٣ ) هۆکارەکانی بەریەککەوتنی زمانەکان :**

**چەندین هۆکار هەن، کە دەبنە هۆی بەریەککەتنی زمانەکان، لەوانەش:**

**یەکەم/ ڕامیاری ( سیاسی ):**

**ڕێکارە سیاسی‌و سەربازییەکانی وەکو داگیرکردنی خاك‌و وڵات‌و پێکهێنانی یەکێتییەکان‌و هەڵکوتانە سەر خاکی نەتەوەکانی تر، دەکرێت کاریگەریی زمانیش بە دوای خۆیدا بهێنێت، چونکە خەڵکی بەهۆی ئەم داگیرکارییانەوە ناچاردەبن، زێدی خۆیان بەجێبهێڵن‌و ڕوبکەنە ناوچەو سەر زەوییەکی تر، دەرەنجام بەریەککەوتنی زمانی ڕودەدات‌و کەسەکان ناچارن بۆ دابنیکردنی کارو بژێویی ژیانیان، فێری زمانێکی تر جگە لە زمانی خۆیان ببن. وەك ئەو داگیرکارییانەیە کە لە ئەفریقای ناوەڕاست‌و یوگسلافیای پێشو ڕویاندا، کە بو بەهۆی کۆچی خەڵکەکەی بۆ ئەو ناوچەیە بە نەژادو زمانی جیاوازەوە.**

**دووەم/ دیاردە سروشتییەکان :**

**هۆکارە سروشتییەکانی وەکو زریان‌و لافاو و گڕکانەکان، هۆکارێکی گرنگی جێگۆڕکێی ناوچەیین. خەڵکی بەهۆی ئەو دیاردانەوە ناچارن ناوچە زیانلێکەوتووەکانی خۆیان بەجێبهێڵن‌و ڕوبکەنە ناوچەیەکی تر بە زمان‌و کەلتورو نەژادی جیاوازەوە، دەرەنجام دەبێتە هۆی بەریەککەوتن‌و وەرگرتنی زمان‌و فێربونی زمانیی لێدەکەوێتەوە، وەك کۆچی هەندێك لە دانیشتوانی ئێرلەنداو چینییەکان بۆ ئەمریکا بەهۆی کارەساتە سروشتییەکانەوە.**

**سێیەم/ مەزهەب :**

**خەڵکی پێیان خۆشە لەو شوێنە بژین، کە مەزهەبەکەی وەکو مەزهەبی خۆیەتی، یان بە پێچەوانەوە هەندێك جار خەڵکی بەهۆی جیاوازی مەزهەبییەوە، ناچارە جێگایەك بەجێبهێڵێت‌و ڕوبکاتە شوێنێکی تر، لە هەردو**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

حاڵەتەکەدا ناچارن، فێری زمانی ئەو ناوچەیە ببن، کە ڕویان تێکردوە، بەمەش دەبێتە هۆی پەیدابونی دیاردەی جوتزمانیو دەرەنجام وشەکان لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت، ئاخێوەرانی زمانی ڕوسی لە ئیسرائیل نمونەی دیاری ئەم خاڵەن.

**چوارەم/ کەلتور:**

ئارەزوبون بەیەك لەگەڵ گروپ یان هۆزێکی خاوەن کەلتوری تایبەت یان نەژادێکی تایبەت یان کۆمەڵگایەکی تایبەت بە شێوەیەکی گشتی بەواتای فێربونی زمانی ئەو هۆزە دێت. زۆربەی کەمەنەتەوایەتییەکان لە هەوڵی پاراستنی زمانەکەی خۆیاندانو نایانەوێ زمانەکەیان لەناوبچێت، چونکە زۆرجار زمانی ئەو کەمەنەتەوانە جیاوازە لە زمانی دەسەڵاتو هۆزی باڵادەست، بۆیە هۆکاری نەتەوەپەرستی بایەخێکی زۆری لەم ڕوانگەیەوە هەیە.

**پێنجەم/ ئابوری:**

ژمارەیەکی زۆری خەڵکی لەپێناو باشکردنی ژیانو گوزەرانو دابینکردنی بژێوییەکانی ژیانیان بە شێوەیەکی باشتر لەوەی کە هەیە، لە ناوچەکەی خۆیانەوە بۆ شوێنو جێگایەکی تر کۆچیانکردوە، لێرەدا لەپێناو کارئاسانی و زوتر بەدیهێنانی ئامانجەکانیان ناچارن، هەرچی زووە، زمانی ئەو جێگا تازەی کە هەڵیانبژاردوە، فێربن، بەمەش سەرباری ئاڵوگۆڕکردنی کەلتوریو فەرهەنگی، زمانەکانیشان بەریەکدەکەون.وەك گەشەو بەجیهانیبونی زمانی ئینگلیزیو پەیدابونی جوتزمانی لە ئەوروپا، دیارترین دەرەنجامەکانی ئەم هۆکارەن.

**شەشەم/ پەروەردەو فێرکردن:**

پەروەردەو فێرکردن دو بواری زۆر گرنگن، بۆ فێربونی زمانی تر، ڕەنگە تەنها ڕێگاچارەی پەرەپێدانو وەرگرتنی زانستو زانیاری بێت، هەر ئەم هۆکارە بو، کە بو بەهۆی جیهانیبونی زمانی لاتینی لە سەدەکانی ناوەڕاستداو لە ئێستاشدا هۆکاری سەرەکی گەشەو بەجیهانیبونی زمانی ئینگلیزییە. هەروەها کردنەوەی چەندین ناوەندو خوێندنگەی نێودەوڵەتی بە زمانی بیانی لە قۆناغی باخچەی ساوایانو سەرەتایی تا دەگاتە زانکۆ لە کوردستاندا باشترین نمونەن.

**حەوتەم/ تەکنەلۆژیا:**

فەراهەمبونی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکانو تەکنەلۆژیای زانیاریی وەکو ئەنتەرنێتو هۆیەکانی تری ڕاگەیاندن، هۆکاری گەشەسەندنو زیادبونی کارایی زمانی ئینگلیزییە لە جیهاندا، زۆربەی بەکارهێنەرانی ئەو تەکنەلۆژیایانە زمانی یەکەمیان، زمانی ئینگلیزی نییە، بۆیە ناچاردەبن، زمانی ئینگلیزی فێربن، لەمەیشەوە بەریەککەوتنی زمانی ئینگلیزی لەگەڵ زمانی یەکەمیاندا ڕودەداتو سەرەنجام وەرگرتنی زمانیشی لێدەکەوێتەوە.

هەروەها نوسینی لافیتەی پرسەکانو تابلۆی سەر دوکانو ناوەندەکانی خوێندنو مانشێتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو شوێنە گشتییەکان بە زمانی بیانی (عەرەبیو ئینگلیزی) ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

بەكارهێنانو نوسینی چەندین وشەو زاراوەی بیانی لەلایەن خودی تاكەكانی كۆمەڵو نوسەرانو ڕاگەیاندكارانەوە لە كوردستاندا، كە زیاتر زمانی بیانی بەر زمانی كوردی بكەوێت.

**هەشتەم/ سنوری جوگرافی:**

هەڵبەتە زۆربەی وڵاتەكان یان نەتەوەكان خاوەن سنوری جوگرافیی خۆیانن، دەشێ هەندێ لەو نەتەوانە یان وڵاتانە لەگەڵ چەند نەتەوەیەكی تر یان چەند وڵاتێكی تر هاوسنوربن، بەمەش كاریگەریی لەسەر یەكتر دەنوێنن، یەكێك لەو كاریگەرییانەش زمانەكەیانیان بەریەكدەكەون، بۆ نمونە سنوری جوگرافیی نەتەوەكانی كوردو فارسو توركو عەرەبدا هاوسنورن، بەمەش زمانەكانیان بەریەككەوتوەو چەندین وشەو زاراوە بۆ نێو فەرهەنگی یەكتر پەڕیونەتەوە.

ئەم هۆكارانە وادەكەن، كە بەریەككەوتنەكان فراوانتر ببنو پرۆسەكەش زیاتر بكاتە كەتوار (واقیع)، بەمەش پەیوەندیو ململانێی زمانی لە نێوان زمانەكان زیاتر پەرەدەسێنێتو گەنگەشەدەكات.

**١-٤) بەریەككەوتنی زمانو ململانێی زمانو پەیوەندیی زمان:**

زاراوەی بەریەككەوتن لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەر بە وشەی (clash) دێت، هەروەها لە زمانی عەرەبیشدا بەرانبەر بە وشەی (أشتباك) دێت. مەبەست لێی، بەركەوتەو پەیوەندی نێوان دو زمان یان زیاترەو كاریگەریی دانانە لەسەر یەكتری، هەر كاتێك دو كۆمەڵگای زمان یان زیاتر بەریەكدەكەون، پەیوەست بە هۆكارو جۆری بەریەككەوتنەكەیە، چەندین كەرەستەو دیاردەی مادیو مەعنەوی لە نێوان كەلتورە جیاوازەكاندا ئاڵوگۆڕییان پێدەكرێت.

بەڵام زاراوەی ململانێ لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەر بە وشەی (conflict) دێت، لە زمانی عەرەبیشدا بەرانبەر بە وشەی (الصراع) دێت، هەروەها لە لاتینیشدا بنەڕەتەكەی بۆ وشەی (confligere) دەگەڕێتەوە، كە مانای دۆخێكی گرفتاری دەبەخشێت، كە بەهۆی دو تێڕوانینی بە یەك ناكۆك، یان دو بەرژەوەندی دژ بە یەك، یاخود دو ئامانجی لێكجیاواز، لە نێوان دو كەس یان دو گروپ یان دو نەتەوەی جیاواز دروستدەبێت (ئاراس فتاح: ٢٠٠٧: ١٠). لە ئێستادا زاراوەی ململانێی زمانی یەكێكە لە كایە گرنگەكانی زمانەوانیی كۆمەڵایەتی، بە شێوەیەك كە تایبەتمەندیی ئەم بابەتە لەم سەدەیەدا گەیشتوەتە ئاستێك كە بۆ خۆی ببێت بە لقێكی دیاریكراو لە زمانناسی، كە سەر بە زمانەوانیی بەریەككەوتنە، ئەمیش زانستێكی نوێیە، نەك تەنیا لە زمانی كوردی، بەڵكو لە زمانانی تریش(سەلام ناوخۆش: ٢٠١٣: ٧). مەبەست لە ململانێی زمان (جیاوازی نێوان گروپەكانی ناو نەتەوەیەك یان دەوڵەتێك یان قەوارەیەكی سیاسیی ترە دەربارەی ئەو زمانانەی كە دەبێت بە شێوەیەكی فەرمی بناسرێت، یان بپارێزرێت، یان گەشەی پێبدرێت. بەتایبەتی زمانێك یان چەند زمانێك كە لەلایەن كۆمەڵێكەوە پشتگیری دەكرێت، یان لەلایەن كۆمەڵێكی ترەوە ڕەتدەكرێتەوە، لەو كاتەوەی گرتنەخۆی زمانێكی دیاریكراو پەیوەندییەكی توندوتۆڵی بە ناسنامەی نەتەوەییو هەرێمییەوە هەیە، زۆرجار ململانێی زمان توانای شاراوە بۆ نائارامی سیاسی هەڵدەگرێت. باشترین نمونەی سەدەی بیستەم، زۆربەی ناكۆكییەكان دەربارەی ئەو ڕێگایانەن، كە لە سنوری سیاسیی هنددا وێنەكێشراونو دەكێشرێن پاش سەربەخۆبونی لە بەریتانیاو هەروەها ڕۆڵی



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سیاسەتی فەرەنساو بەریتانیا لە ژیانی گشتی خەڵکی کەنەدادا)( Jack C. Richards and Richard Schmidt: 2002: 288).

هەروەها زاراوەی پەیوەندی لە زمانی ئینگلیزیدا بەرانبەر بە وشەی (contact) دێت، هەروەها لە زمانی عەرەبیشدا بەرانبەر بە وشەی (الاتصال) دێت. شایانی باسە (ئەم زاراوەیە لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت، کە ئاماژە بۆ بارودۆخی پەیوەندیی جوگرافی یان پەیوەندیی نزیکی کۆمەڵایەتی نێوان زمانەکان یان زارەکان دەکات. دەتوانرێ بارودۆخی پەیوەندیی زمانی لە گەشەکردنی ڕێگاکانی وشەو نواندنی فۆنۆلۆجیو گۆڕانە ڕێزمانییەکانو فۆرمە تێکچڕژاوەکانی زمانو زیادبونی گشتیی جوتزمانی لە جۆرەکانی هەمەجۆریدا ببینرێت)(David crystal: 2008: 107). پەیوەندیی زمان بە واتای (پەیوەندی نێوان زمانە جیاوازەکانە، بەتایبەت کاتێك یەکێك لە زمانەکان بە لای کەمەوە بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە کار لەیەکتردەکەن. ئەم کارتێکردنەش بە شێوەیەکی نمونەیەکی ڕودەدات، کاتێك زمانەکان لە هەمان ناوچە یان ناوچە هاوسنورەکاندا پێی دەدوێنو کاتێك پلەیەکی بەرزی پەیوەندییکردن لەنێوان خەڵکدا هەبێت، لەوانەیە کاریگەرییەکە فۆنەتیکی یان سینتاکسی یان سیمانتیکی بێت، یان ستراتیژی گەیاندنی وەك شێوازی ناونیشانو سلاوکردن بێت. بۆ نمونە پەیوەندیی زمان لەو ناوچە کۆچکردنە گەورانە ڕودەدات یان ڕویداوە، وەك ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەمریکای لاتینو ئوستورالیاو بەشەکانی ئەفریقاو ناوچە سنورزمانەکانی هندستان)(Jack C. Richards and Richard Schmidt: 2002: 288). لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییەش (وشەکان، دەنگەکانی ئاخاوتنو تەنانەت فۆرمە ڕێزمانییەکان لە هەندێ زمانەوە بۆ زمانەکانی دراوسێ دەپەڕێنەوە، ئەمەش دیاردەیەکی گشتییە)(R.L.Trask: 1999: 112).

دەتوانرێ پەیوەندیی نێوان ئەم سێ چەمکە لەم هێڵکارییەدا بخەینە ڕو:





e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢ ) فەرهەنگی زمانیو وەرگرتنی زمانی:**

**٢-١ ) سەرەتا:**

وشە بە دانەیەکی بنەڕەتی زمان دادەنرێت، کە لە دێر زەمانەوە جێگەی بایەخی زانایانو توێژەران بووە. زمانەکان لە سەرەتا بە شێوەیەکی سادەو ساکار پەیامەکانی گەیاندوەو لە فەرهەنگێکی بچوكو سادەدا یەکە زمانییەکانیان بەتایبەتی وشەکانیان کۆکردوەتەوەو لە کاتی ئاخاوتندا بەکاریانهێناون، مەبەست لە فەرهەنگیش لێرەدا ئەو کۆمەڵە وشەیەیە کە لە مێشکی مرۆڤدا بە پێی یاساو ڕێسای تایبەت کۆکراونەتەوەو لە کاتی پێویستدا دەستی بۆ دەبرێتو بەکاردەهێنرێت. واتە ((سروشتی ژیانی مرۆڤو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو جۆرو چەشنی بیروباوەڕو بیرکردنەوەیان بە گوێرەی سەردەم، گۆڕانیان بەسەردا هاتوە، وشەکانی زمانیش ئاوێنەی هۆشو بیری سەردەمی جوداجودانو هەمویشیان پێکەوە فەرهەنگی زمان پێکدەهێنن))(فاروق عومەر سدیق: ٢٠١١: ٦١). (زانستی فەرهەنگیش (فەرهەنگسازی) لقێکە لە لقەکانی زمانەوانیی نوێ، کە لە وشەکانی زمانو شیکردنەوەیان لە هەر زمانێكو بەتایبەتی واتا فەرهەنگییەکان، پاشان پۆلێنکردنی ئەم وشانە دەکۆڵێتەوە. ئەم زانستە لە دو بەش پێکهاتوە، بەشێکیان تیۆرییەو بە زانستی فەرهەنگی تیۆری (فەرهەنگزانین ـ Lexicology)و بەشەکەی تریان پراکتیکییەو بە هونەری دروستکردنی فەرهەنگ (فەرهەنگدانان ـ Lexicography) ناسراوە)(سوهیلة دریوش: ٢٠١١: ٢٢).

لێرەدا بە کورتی باس لە چەند خاڵێکی پەیوەندیی زمانو فەرهەنگ دەکەین:

١- بە گۆڕانی کۆمەڵ زمان ڕوبەڕوی گۆڕان دەبێتەوە، لە بەرانبەریشدا پێویستە فەرهەنگی زمانەکانیش دەوڵەمەندبکرێنو توانای پڕکردنەوەی پێویستییەکانی بەکارهێنەرەکانی هەبێت. بۆیە ((بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان، پێویستمان بە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی هەیە، ئەویش بەهۆی بونی پەیوەندییەکی بەتینو گرنگ لەنێوان زمانو فەرهەنگدا، بە کۆی دانەکانی فەرهەنگ دەوترێت زمان))(ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: ١٠). بەم پێیە زمان لە فەرهەنگ فراوانترەو بە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیش زمان دەوڵەمەندتر دەبێتو گەشەی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێتو دەتوانێت تا ڕادەیەکی باش پێویستی ئاخێوەرانی دابینبکات.

٢- هەر نەتەوەیەك چەند فەرهەنگی هەبێت، ئەوەندەش زمانەکەی دەوڵەمەنددەبێت، بە پێچەوانەیشەوە نەتەوەی بێ فەرهەنگ بە نەتەوەیەکی هەژارو مردو دەژمێردرێ، چونکە فەرهەنگ بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی زمانو نەتەوە دادەنرێتو مێژوی زمانەکەش لە فەوتان دەپارێزێتو تەمەنی پێدەبەخشێت.

٣- زمان وەك ژیان بەردەوام لە گۆڕانو گەشەکردنو فراوانبوندایە، بەوەش وشەو دەربڕینەکان، وشەو دەربڕینی نوێیان لێدەبێتەوە، بۆیە پێداویستییەکانی ژیان وا لە مرۆڤ دەکات، کە ناوی نوێو دەبڕینی نوێیان هەبێت، هەروەها مرۆڤ بەهۆی وشەوە دەتوانێت ئەو بیرەی لە مێشکیدایە، دەری ببڕێت، کە ئاماژە بۆ ڕوداو و دیاردە جیاجیاکانی دەوروبەری دەکات. ئەمانەش دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنو فراوانبونی فەرهەنگی زمانەکە.

٤- فەرهەنگ هەمو وشەکانی زارو شێوەزارەکانی زمان کۆدەکاتەوە، واتە دەبێتە کۆگای خەرمانی وشەکانی زمانەکەو لە لاوازیو مردنو فەوتانو پوکانەوە دەیپارێزێت.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٥- فەرهەنگ ڕۆڵێکی گرنگ لە دەستنیشانکردن واتاو ئاراستەکردنی تاك بەرەو واتای نوێو بلاوكردنەوەی وشەی نوێ لە زماندا دەبینێت، واتە یارمەتیدەر و ناسێنەری وشەو واتاکانێتی بە هەموو تاكێکی زمانەکە. لە هەمان کاتیشدا ئاشناکردنی نەوەی نوێیە بە وشەی کۆن‌و نوێی زمانەکە.

٦- زمانی هەر نەتەوەیەك بە فەرهەنگەکەی هەڵدەسەنگێنرێت، واتە کەلتورو شارستانیەت‌و ئاستی ڕۆشنبیری‌و پێشکەوتویی ئەو نەتەوەیە لە ڕێگەی فەرهەنگەوە دەناسرێتەوە.

٧- فەرهەنگ توانا بە زمان دەبەخشێت، تاوەکو لەگەڵ ڕەوتی زانست‌و هونەرو تەکنەلۆجیاو ....تاد بەرەو پێش بچێت.

٨- فەرهەنگ ڕۆڵێکی سەرەکی‌و کاریگەر لە فێربونی زمانی دووەم (Second Language) دەبینێت.

فەرهەنگی هەر زمانێکیش لە چەندین بەشی جیاواز پێکهاتوە، بەم شێوەیە: (هیدایەت عبدالله محمد: ٢٠٠٧: ٢٧)، (ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: ١٠).




١- **فەرهەنگی بنەڕەتی**: فەرهەنگی هەمو ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە وشەی خۆماڵین‌و لە سەرەتای دروستبونی زمانەوە هەن‌و کۆمەڵگا لەسەری ڕێككەوتون، وەك: سەر، پێ، ئەسپ، دار، .....تاد.

٢- **وشەو زاراوە دروستکردن**: ئەمە وشانە لە قۆناغی دووەمی زماندا پەیدابون‌و بەهۆی پرۆسەکانی لێکدان‌و هەڵگواستنەوە دروستکراون، وەك: کورد + ستان = کوردستان

مەلە + وان = مەلەوان

نوس + ەر = نوسەر ، ...تاد

٣- **وشەوەرگرتن**: فەرهەنگی وشە وەرگیراوەکانی زمان، دەکەونە قۆناغی سێیەمەوە و مەبەستی توێژینەوەکەی ئێمەیەو خۆی لەو وشانەدا دەبینێتەوە، کە بە پرۆسەی (وەرگرتنی زمانی) لە زمانەکانی ترەوە وەرگیراون‌و بون بە بەشێك لە فەرهەنگی زمان، وەك: (مۆبایل، ئەنتەرنێت، فاکس، سەلاجە و ...تاد).

## ٢-٢ ) وەرگرتنی زمانی:

یەکێك لە پرۆسەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، وەرگرتنی زمانییە. کاتێك (کۆمەڵگایەك بەهۆی بەریەككەوتنەوە، کەرەستەیەك یان بنەمایەك لە کەلتوری کۆمەڵگایەکی ترەوە وەردەگرێت، لە سەرەتاوە لە زمانەکەی خۆیدا وشەیەکی نییە بۆ ناونانی ئەو کەرەستەیە، ئەگەر هاتو ئەو کەرەستەیە لە کۆمەڵگاکەیدا سەریهەڵدابێت، ئەوا ئاسایی لە خودی زمانەکەدا وشە پەیدادەبێت بۆ ناونانی ئەو کەرەستەیە، بەڵام ئەگەر هاتو ئەو کەرەستە تازەیە وەرگیراو بێت، ناچار زمان بۆ ناونانی وشەی نەبو، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەش دەبێت


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پەنابباتە بەر ئەو کۆمەڵگایەی کە کەرەستەکەی لێوەرگرتوە، لەم کاتەدا یان ڕاستەوخۆ ئەو وشەیە وەردەگرێت، کە لە خودی ئەو کۆمەڵگایەدا بۆ ئەو کەرەستە بەکاردێت، یان لەسەر بنەمای هەمان وشە، وشەیەکی نوێ لە زمانەکەی خۆیدا دروستدەکات، هەمو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە زمانی (A) لەسەر بنەمای وشەی زمانەکانی (B)و (C) ڕودەدات، پێی دەگوترێت دیاردەی وەرگرتن)(محمد رضا باطني: ١٣٩٠: ٩١). بۆیە (سروشیترین ئەنجامی بەریەککەوتنی زمانی کە تاڕادەیەك لە هەمو زمانەکاندا ئەگەری ڕودانی هەیە، وەرگرتن یان خواستنی زمانییە)(Haugen, F: 1950: 81). مەبەست لە وەرگرتنی زمانیش (وەرگرتنو خواستنی یەکەیەکی زمانی یان پێکهاتەییە لە زمان یان شێوەزارێکەوە بۆ زمان یان شێوەزارێکی تر)(یحی مدرس:١٣٩١: ٨٥). وەك لە پێناسەکەدا دیارە وەرگرتنی زمانی دەکرێت لە هەمو ئاستەکانی زماندا ڕوبدات، بەڵام ئاساییترینو بەربڵاوترین جۆری وەرگرتن، وەرگرتنی وشەیە، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی ناونان لە شتەکان بەتایبەت ئەو دیاردانەی کە لە کۆمەڵگاکانی ترەوە دێنە ناو کۆمەڵگای زمانی دووەمەوە (زمانی وەرگر). کەواتە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەنابردن بۆ وەرگرتن، پێویستییە، جا پێویستی مادی بێت یان نامادیی. بە واتایەکی تر بەهۆی پێویستیو بەرهەمهێنانو داهێنانی بەردەوام لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، زمان هەمیشە پێویستی بە وشەی نوێ هەیە بۆ گوزارشتکردن لەو کاڵاو دیاردە نوێیانەی کە هاوردەدەکرێن، چونکە زمانەکان ناتوانن بە وشە خۆماڵییەکانی خۆیان ئەو پێداویستییانە پڕبکەنەوە، بۆیە ناچارن لە زمانەکانی ترەوە وشەو زاراوەی نوێ بخوازن، بەم پرۆسەیەش لە زماندا دەگوتریت (وەرگرتن - borrowing).

ئەگەر چاوێك بە زمانی کوردیدا بخشێنین، دو جۆر بەریەککەوتنی زمانی لە وەرگرتنی وشەدا بەدیدەکرێ:

١- بەریەککەوتنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی دراوسێ (عەرەبی، فارسی، تورکی).

٢- بەریەککەوتنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانە جیهانییەکانی تر.

پرۆسەی وشەوەرگرتن یەکێکە لە بەربڵاوترینو باوترین پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانو تێیدا ئاخێوەرانی زمان بە هۆکاری جیاواز وشەو زاراوەی جۆراوجۆر دەخزێننە نێو زمانەکەیانەوە. ((یەکێك لە ڕێکارەکانی زۆربونی وشەکانی زمان، هێنانو هاوردەکردنی یەکەی زمانی (وشە)یە لە زمانەکانی تر یان شێوەزارەکانی ترەوە، بەم کارەش دەگوترێت (وەرگرتن)، ئەو وشەیەی کە لە زمانەکانی تر یان زارەکانی ترەوە دێتە ناو زمانەکە پێی دەگوترێت وشەی وەرگیراو))(ویدا شقاقی: ١٣٩٢: ١٢٧). ئەم ڕێگایەش زۆر چالاكو گشتییەو تایبەت نییە بە زمانێکی تایبەتەوە. واتە وەرگرتنی وشە لە هەمو زمانەکاندا دیاردەیەکی سروشتییەو تاڕادەیەك لە هەمو زمانەکاندا بە شێوەی جیاواز وشەو زاراوە لە زمانەکانی ترەوە وەردەگرنو دەیخەنە ناو فەرهەنگی وشەکانی خۆیانەوە ((دیاردەی وەرگرتنی وشە وە نەبێ تەنها لە زمانێکدا ڕوبدات، بەڵکو لە نێو هەمو زمانێکدا ڕودەدات لە زمانە ڕۆژئاواییەکانو ڕۆژهەڵاتییەکان، لە زمانە پێشکەوتو و دواکەوتووەکانیشدا))(شیروان حسێن حەمە: ٢٠١٠: ٦٨). کەواتە دیاردەی وەرگرتنی وشە پەیوەندی بە ئاستو دەوڵەمەندی زمانەکانەوە نییە، بەڵکو هەمو زمانێك پێویستی بە زمانی تر دەبێت بۆ پڕکردنەوەی بەشێك لە پێداویستی ئاخێوەرانی، هەروەها نابێت دەوڵەمەندیو هەژاریی یان لاوازیو بەهێزی زمانەکان پەیوەست بکەین بە پرۆسەی وەرگرتنی وشەوە. بۆیە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

((دیاردەی وەرگرتنی وشە هۆکاری لاواز پێکهاتەی زمانی وشەهێنەر یان بەهێزیی ئەو زمانە نییە، کە وشەکەی لێوە وەردەگیرێت))(یحی مدرس: ١٣٩١: ٩١).

هەروەها (بە بڕوای (واین ڕایش) سودوەرگرتن لە وشەی بێگانە لە هەمو زمانێکدا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە سودوەرگرتن لە وشەی ئامادەکراو ئابوریترە لە سەرلەنوێ ناولێنانی کەرەستەکان)(سید محمد حسینی معصومی: ١٣٩٣: ٥٥). بە واتای ئەوەی ئاخێوەرانی زمان لەبری ئەوەی لە زمانەکەی خۆیاندا بە دوای وشەیەکدا بگەڕێنو ناوی کەرەستە نوێیەکەی لێبنێن، دەستدەبەن بۆ زمانێکی ترو وشەیەکی ئەو زمانە بەکاردەهێننو دەیکەن بە بەشێك لە فەرهەنگی زمانەکەی خۆیان.

وەرگرتن هەمیشە خێراییەکی زیاتری لە خێرایی لەناوچونی وشە هەیە. ((لەدایکبونی وشەکان جوڵەیەکی خێراترو بەپەلەتری هەیە لە مردنی وشەکان))(محمد رضا باطنی: ١٣٩٠: ٢٠). بۆ نمونە وشەی (تابو) کە وشەیەکی بیانییەو هاتوەتە ناو زمانەکەمانەوە، زۆر بەزوی لە نێو ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا جێی خۆی کردوەتەوە، لە بەرانبەردا ماوەیەکی زۆری پێچووە، تاوەکو وشەی (قەدەغە) کە هەمان واتاو مەبەست دەگەیەنێتو وشەیەکی خۆماڵییەو لە کۆندا بەکاردەهێنرا، لەناوچووەو چیتر بەکارنەدەهێنرا.

زمانی کوردیش لەم یاسایە بەدەر نییەو وشەگەلێکی زۆری تێدا دەبینرێت، کە تایبەت نییە بە فەرهەنگی زمانەکەی خۆیەوەو لە زمانەکانی ترەوە وەرگیراونو بون بە بەشێك لە فەرهەنگی زمانی کوردیو بەهۆیەوە زمانەکەیان پێ دەوڵەمەندکردوەو ئاخێوەرانی زمانەکە هاوشانی وشەکانی تر لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنن. واتە (زمانی کوردیش وەك هەمو زمانەکانی تری جیهان لە هەندێ بارودۆخدا پەنادەباتە بەر وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانەکانی ترەوە)(شەهاب شێخ تەیب تاهیر: ٢٠١٢: ٢٦٥).

لە پێناسەیەکی تری وەرگرتندا دەگوترێت ((وەرگرتن پرۆسەیەکە تێیدا زمان، تایبەتمەندییەکی زمان بە شێوەیەکی تەواو یان ناتەواو لە زمانێکەوە دەگوێزێتەوە بۆ زمانێکی تر)) (Durkin,ph: 2014: 3). بە واتایەکی تر، ئەگەرچی زۆرجار ئەو وشەیەی کە وەردەگیرێت بە هەمان فۆرمو گۆکردنەوە ڕاستەخۆ لە زمانی دووەمدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە، کە هەمیشە حاڵەتەکە بەو شێوە ئاسانەیە، چونکە سازگەی دەنگیو یاسا فۆنۆتاکتیکییەکانو یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە نێوان زمانەکاندا جیاوازی هەیە، بۆیە ئاخێوەرانی زمان ناچاردەکات، کە گۆڕانی دەنگی لە وشە وەرگیراوەکاندا ئەنجامبدات، تاوەکو لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆجیو فۆنۆتاکتیکییەکانی خۆیدا بیگونجێنێت. بە واتایەکی تر دەبێت ((دەنگەکانی بخەینە ژێر کارتێکردنی فۆنەتیکی زمانی وەرگرەوەو بەرگێکی خۆماڵی بە بەریاندا بکەین))(ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: ١٣٩). بۆ نمونە ئەگەر سەرنجی ئەم نمونانەی خوارەوە بدەین، بە هەمان فۆرمو دەنگەوە لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێنەوە:

حج > حەج

عبا > عەبا

فلاح > فەلاح

Concert > کۆنسێرت



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

Film > فیلم

بەڵام، ئەگەر سەرنجی ئەم وشانەی خوارەوە بدەین، لە ڕوی فۆرمو ئاوازی دەربڕینیشیانەوە جیاوازن، لەوەی کە لە زمانەکەی خۆیدا بەکارهێنراوەو بەرگێکی خۆماڵیان بە بەردا کراوە، بۆ نمونە:

مشعل > مەشخەڵ

طعم > تام

ذكر > زیکر

ختانە > خەتەنە

**٢-٣ ) وەرگرتن لە ئاستەکانی زماندا :**

ئەگەرچی پرۆسەی وەرگرتن بەزۆری لە ئاستی وشەدا ڕودەداتو وشەکان زیاتر توانای گواستنەوەیان لە نێوان زمانو زارەکاندا هەیە، بەڵام ناتوانین تەنها ئەم دیاردە زمانییە پەیوەست بکەین بە وشەوە، بەڵکو ئەم دیاردەیە زۆربەی ئاستەکانی تری زمانیش دەگرێتەوە، بەڵام ئەم گۆڕانو گواستنەوەیە نە هەمیشە هاوزەمانو هاوکات لە هەمو ئاستەکاندا ڕودەدەن، نە ڕادەی گۆڕانەکانیش وەکویەکن، بە واتایەکی تر دیاردەکە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە لێرەدا سەرباری جەختکردنەوە لە ئاستی مۆرفۆلۆجی کە زۆرترین گۆڕان بە خۆیەوە دەبینێت، تیشکدەخەینە سەر هەردو ئاستی فۆنۆلۆجیو سینتاکسیش.

**٢-١/٣ ) وەرگرتن لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا :**

مەبەست لە وەرگرتن لە ئاستی فۆنۆلۆجی گواستنەوەو وەرگرتنی بنەما یان یەکەیەکی دەنگییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی ترو لە ئەنجامیشدا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە سیستەمی دەنگیو فۆنۆلۆجی ئەو زمانەی کە فۆنێمەکەی وەرگرتوە، ئەم دیاردەیە بە بەراورد بە ئاستی مۆرفۆلۆجیو بەتایبەت وشەکان کەمتر ڕودەدەنو دیاردەیەکی زۆر باو نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەناو زماندا هەستی پێدەکرێتو ڕودەدات، کاری دەنگخواستن کاتێك ڕودەدات. کە (ژمارەیەکی زۆر لە فۆرم کە هەڵگری فۆنێمێکی نامۆبن، خۆیان بکەن بە زمانە قەرزارەکەدا، بەمەش دەبێتە هۆی پەیدابونی فۆنێمێکی نوێ لە زمانە ناوچەییەکەدا)(محەمەد مەعروف فتاح: ١٩٩٠: ). بۆ نمونە پەیدابونی هەریەکە لە دەنگەکانی (ص، ط، ظ، ح، ع) لە هەندێك لە زارەکانی سەروی زمانی کوردیدا لە ئەنجامی وەرگرتنو خواستنی ژمارەیەکی زۆری وشەی زمانی عەرەبی، کە ئەم دەنگە نامۆیانەی تێدایە، بەنیسبەت زمانی کوردییەوە بۆ ناو زمانی کوردی.

لە پرۆسەی گواستنەوەدا وشە گواستراوەکە لە سەرەتادا (لە ڕوی دەنگییەوە لە دەربڕینە ئەسڵییەکەوە نزیکترە، بەڵام دوای ماوەیەك وەکو وشەیەکی خۆماڵی لێدێتو لەگەڵ سیستەمی دەنگیو تایبەتمەندییە دەربڕینییەکانی زمانی وەرگردا خۆی دەگونجێنێتو وەکو یەکیان لێدێتو لە دەربڕینە یەکەمەکەی دوردەکەوێتەوە)(یحي مدرس: ١٣٩١: ٩٥، محمدرضا باطنی:١٣٩٠ :٨٣). بۆ نمونە ئەگەر سەرنجی ئەم وشانەی خوارەوە بدەین، دەبین زۆر دورکەوتونەتەوە لە فۆرمە سەرەکییەکەیانو لە ڕوی دەربڕینیشەوە جیاواز لە پێشوتر دەردەبڕرێن:



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**طعنة > تانە**

**كتاب > کتێب**

**وجدان > ویژدان**

**خدمة > خزمەت**

**آثار > ئاسەوار**

**هەرچەند مەرج نییە، ئەم حاڵەتە هەمیشە بەو شێوەیە بێت، بە واتایەکی تر لە کاتی گواستنەوەی وشەیەك بۆ ناو زمانێکی تر ڕودەدات، وشەکە تایبەتمەندییە دەنگییەکانی خۆی بپارێزێتو بەو هەمان شێوەیەی سەرەتای گۆبکرێت، بۆ نمونە ناوی (مۆتسارت) لە زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆدا زیاتر بە دەربڕینی ئەڵمانی واتە بە /motsart/ بەکاردەهێنرێت تاوەکو بە شێوەی ئینگلیزی /mozart/** (یحی مدرس: ١٣٩١: ٩٦).

**لەو دەوڵەتانەی کە لە چەندین گروپی نەتەوەییو زمانی جیاواز پێکهاتون، ئەگەریی گواستنەوەی فۆنێم لە نێوان زمانو زارەکانی ئەو ناوچەدا زیاترە، لەم دەوڵەتە فرە زمانانەدا بەتایبەت ئەگەر هاتو یەکێك لە زمانەکان یان زارەکان حوکمی زمانێکی هاوبەش بکات، چونکە ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان لەم حاڵەتەدا زمانەکانی تر فێردەبنو دەبن بە خاوەنی دو یان چەندین زمان، وەکو کەسانی دو زمانە زیاتر بێت، ئەگەری ئەم دیاردەیە زۆرترە، بۆ نمونە بەهۆی هاوبەشی سنوری جوگرافیو هۆکارە ئاینیو سیاسییەکانی نێوان کوردو عەرەب لە خاکی عێراقدا سەرباری جیاوازیی زمان، زمانی عەرەبی کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ئاخێوەرانی زمانی کوردی هەیەو بەشێکی زۆری کوردزمان، زمانی عەرەبی دەزاننو لەم ڕێگەشەوە چەندین وشەی عەرەبی هاتوەتە نێو فەرهەنگی زمانی کوردیو لەگەڵیشدا چەند فۆنێمێکی نامۆ بە زمانی کوردی هاتونەتە نێو زمانی کوردیو بون بە یەکێك لە فۆنێمەکانی زمانەکەو چەند فۆنێمیکی نوێیان بۆ زمانەکە زیادکردوە، دەتوانین ئاماژە بۆ فۆنێمی /ع ، ح/ بکەین، چونکە وەك ئاشکرایە لە سەرەتادا ئەم فۆنێمانە بەشێك نەبون لە فۆنێمەکانی زمانی کوردی، بەڵام بە کاریگەریی ئەو وشە عەرەبییانەی کە هاتونەتە نێو زمانی کوردییەوەو لە ئێستادا بەکاردەهێنرێنو لیستی فۆنێمەکانی زمانی کوردیان پێ زیادکراوە. بۆ نمونە: ((عەزیەت، عەیب، عەشیرەت، عالەم، عیناد، عەزاب، عەرز، حیجاب، حاکم، حکومەت، فەلاح،....تاد)).**

### ٢-٣/٢ ) وەرگرتن لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا :

**وەرگرتنی وشە لە زمانێکی ترەوە، ئاساییترینو بەربڵاوترین جۆری وەرگرتنی زمانە، هەر بۆیە لە زۆربەی زمانەکاندا هەستی پێدەکرێتو دەبینرێت. ((فۆرم خواستن لە هەمو کەرەستەکانی تر بڵاوترەو لە هەموشیان زیاتر هەستی پێدەکرێت))**(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١١: ١٣٥). **چونکە (وشەکان ناجێگیرترین بەشی زماننو ئازادانە دەتوانن لە زمانێکەوە بپەڕنەوە بۆ ناو زمانێکی تر، بەبێ ئەوەی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ڕێزمانو فەرهەنگی وشەکانی زمانی وەرگر هەبێت، بە چونی وشەو زاراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگوترێت (وەرگرتنی وشە) (Durkin,ph: 2014: 8). کەواتە (وشەوەرگرتن) بریتییە لە گواستنەوەو وەرگرتنی وشەیەك یان زاراوەیەك لە زمانێکی ترەوە، ئەم دیاردەیەش نەك مایەی لەنگی نییە بۆ زمانەکان، بەڵکو دەبێتە هۆی**


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

دەوڵەمەندكردنو زەنگینی فەرهەنگی زمان. ((وشە بیانییەكانیش گەنجینەی وشە زەنگینتر دەكەن، بەمەش مەودای دەربڕینی فراوانترو توانای پەیپێبردن بە دونیاو بونو دەوروبەر زۆرترو فرەچەشنتر دەبن))(محەمەدی مەحوی: ٢٠١٠: ١٢٦). هەر بۆیە فەرهەنگی هەر زمانێك بگرین، لە دو بەش پێكدێت، بەشێكیان وشە خۆماڵییەكانی ئەو زمانەنو بەشەكەی تریان وشەی بێگانەنو بە پرۆسەی وشەوەرگرتن بون بە بەشێك لە فەرهەنگی زمانەكە.

زۆرجار وەرگرتنی وشەیەك لە زمانێكی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەركەوتنو سەرهەڵدانی دیاردەیەك، جا مادی یان مەعنەوی بێت، هەر بۆیە لەم حاڵەتەدا بەپشتبەستن بە ناوی كاڵاكە یان داهێنەرەكە، ئەو وشەیە یان ئەو ناوە دەگوێزرێتەوە بۆ نێو زمانی دووەم، هەرچەندە ڕوشدەدات، بەبێ ئەوەی دیاردەیەك لە كۆمەڵگایەكدا ڕوبدات، چەمكێك كە گەیەنەری ئەو دیاردەیە بێت، دێتە نێو زمانی دووەمەوە. بە واتایەكی تر (وەرگرتنی كەلتوری هەمیشە پێشمەرجی وەرگرتنی وشە نییەو مەرج نییە بە هاتنی كاڵا یان دیاردەیەكی كەلتوری لە زمانی یەكەمەوە بۆ زمانی دووەم، زمانی دووەم ناوی كاڵاكەش لە زمانی یەكەمەوە وەربگرێت)(یحی مدرس: ١٣٩١: ٩١). بۆ نمونە دەتوانرێت ئاماژە بۆ وشەكانی (ئەتۆم) یان وشەی (سێكسواڵ) یان (هاوسەرگیری كاتی) هەریەكە لەم وشانە بەبێ ئەوەی دیاردەكە لە نێو خودی ئەو كۆمەڵگایەدا بۆ نمونەی كۆمەڵگای كوردیدا ڕویدابێت، وشەكە لە فەرهەنگی زۆر لە زمانەكانی جیهاندا جێی خۆی گرتوەتەوەو بووە بە بەشێك لە فەرهەنگی زمانی ئەو زمانانە، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین بڵێین ڕێژەیەكی زۆری وشە وەرگیراوەكان تایبەتن بە دیاردە مادییەكانەوە، بۆ نمونە وشەكانی (تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ، كلینك، مایك، كلاشینكۆف،...تاد)، بەڵام دیاردە مەعنەویو واتاییەكانیش چەندین وشەی نوێیان هێناوەتە نێو زمانی دووەمەوە، لەوانە وشەكانی (ئایدۆلۆژی، سیكۆلاریزم، فاشیست، تیۆری، ..تاد). لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا مەرج نییە لەگەڵ هاتنی هەر دیاردەیەكی كەلتوریو زانستیو ... وشەیەك یان ناوێك لە زمانی یەكەمەوە بێتە نێو زمانی دووەمەوە، بەڵكو شارەزایانو ئاخێوەرانی زمان هەمیشە بە چەندن ڕێگەی جیاواز لە هەوڵدان وشەی خۆماڵی بۆ ئەو دیاریدانەش دابنێن، كە لە كۆمەڵگاكەی خۆیاندا سەریهەڵئەداوە، لەوانە وشەكانی (ساردكەرەوە) لە بەرانبەر (سیبلت)و (فڕۆكە) لە بەرانبەر (تەیارە)و (بەفرگر) لە بەرانبەر (سەلاجە)و چەندین وشەی خۆماڵی تر.

وشەی وەرگیراو بەزۆری سەرەتا لەلایەن كەسانی دو زمانەوە كە بە (هۆكاری وەرگرتن) ناودەبرێن، دێتە نێو كۆمەڵگاو دواتر بە نێو ئاخێوەرانی ئەو كۆمەڵگایەدا بڵاودەبێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین، هەمو كەرەستەیەكی وەرگیراو وەكویەكو بە یەك ئەندازە لەلایەن كۆمەڵگاوە بایەخی نییەو پێشوازی لێناكرێت، هەندێك لە وشەكان تا قوڵایی كۆمەڵگا ڕۆدەچنو لەلایەن هەمو چینە جیاوازەكانی كۆمەڵگاوە بەكاردەهێنرێن، لەوانە وشەكانی (ئۆتۆمبێل، فیلم، ڕادیۆ، بانك، ئەنتەرنێت، ئیمەیڵو ....تاد) لە بەرانبەریش كۆمەڵە وشەیەكی وەرگیراو هەن، كە لە سنورێكی تەسكتردا دەمێنێتەوەو تەنها لە نێو كەسانی دو زمانەو كەسانی پسپۆڕو گروپێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراودا بەكاردەهێنرێن، لەوانە وشەكانی (دیالێكت، مانشێت، ئۆرگان، مۆرفێم، فۆنێم و ...تاد)، وەك دەبینین سنوری بەكارهێنانی ئەم وشانەی دووەم سنورێكی تەسكتریان هەیە لە ڕوی بەكارهێناوە بە بەراورد بە گروپی یەكەم. بۆیە دەتوانین بڵێین وشەی وەرگیراو لە یەك زمانی دیاریكراودا، بەپێی كاراییو شوێنگرتنیان دابەشی چەند بەشو گروپێك دەبنو هەمویان وەكویەك لە كۆمەڵگادا بڵاونابنەوە.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢-٣/٣ ) وەرگرتن لە ئاستی سینتاکسدا :**

زمانەوانان وەرگرتن لە ئاستی ڕێزمانو سینتاکسدا بە لاوازترینو نائاساییترین جۆری وەرگرتن دادەنێن. دیارە هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە (ڕێزمانی زمانەکان بە ئاسانی ناکەونە ژێر کاریگەریی هۆکاری دەرەکی زمانەوە، ئەم جۆرە وەرگرتنە پێویستی بە ڕەخساندنی پەیوەندییەکی درێژماوە و بەردەوام هەیە لە نێوان دو کۆمەڵگای زمانیو تێکەڵییەکی زۆری کەلتوریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریی نێوان دو کۆمەڵگا یان زیاتر)(فاطمە عزیز محمدی: ١٣٨٢: ٧٢).

مەبەست لە وەرگرتنی ڕێزمانی، گواستنەوەو وەرگرتنی یەکەیەکی ڕێزمانی، پەیوەندیو مۆرفێمێکی سینتاکسییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بۆ نمونە گواستنەوەی مۆرفێمی ڕێزمانی (ات)ی کۆ لە زمانی عەرەبییەوە بۆ ناو زمانی کوردی، دەکرێت بخرێتە خانەی ئەم جۆرە وەرگرتنەوە ((مۆرفێمی (- ات) کە نیشانەیەکی کۆی مێینەی زمانی عەرەبییە لە زمانی کوردیدا چەند ناوێکی پێ کۆدەکرێتەوە))(ئەبوبەکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ٣٢). دوای وەرگرتنی ئەم فۆرمە، فۆرمەکانی تری وەکو (جات)و (هات)و (وات)یش بە دەرەنجامی ئەم مۆرفێم وەرگرتنە دابنێین، دوای ئەوەی هەریەکە لە دەنگەکانی (هـ، ج، و) پەیدابونو نیشانەکانی (جات، هات، وات)ی بۆ نێو لیستی مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی زیادکردوە، وەك لەم نمونانەدا دیارە:

باخات ، مالأت (ات)

میوەهات ، دێهات (هات)

ئاغاوات ، سەوزەوات (وات)

میوەجات ، سەوزەجات (جات)

وەرگرتنی مۆرفێمی ڕێزمانی کۆ لە زمانەکانی وەکو ئینگلیزیو فارسیشدا ڕودەدات، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا هەندێك لە وشە لاتینیو یۆنانییەکان، هاوشێوەی زمانە ئەسڵییەکەی خۆیان کۆکرانەتەوە، بۆیە لە ڕاستیدا نیشانەی کۆ، وەکو یەکەیەکی ڕێزمانی لەم زمانەدا خواستراوە. بۆ نمونە وشەی (phenomenon) لە ئینگلیزیدا بە شێوەی زمانە یەکەمەی خۆی کۆکراوەتەوەو بووە بە (phenomena)(یحی مدرس: ١٣٩١: ١٠٠).

حاڵەتێکی تری وەرگرتنی بنەما سینتاکسییەکان لە زمانێکی ترەوە، وەرگرتنی ڕیزبەندیو بەدوایەکداهاتنی یەکە پێکهێنەرەکانی فرێزە، بۆ نمونە پێکهاتەی (attorney general) دادستان و (court martial) محکەمەی سەربازی لە ئینگلیزیدا، زۆرجار لە باسی وەرگرتنی ڕێزمانیدا دەخرێنەڕو، لەم نمونانەدا هاتنی ئاوەڵناو لە دوای ناوەوە پەیڕەویکردنە لە زمانی فەرەنسی، لە کاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا ناو لە دوای ئاوەڵناوە دێت، کەواتە یاسای (ناو + ئاوەڵناو) یەکەیەکی خواستراوەی زمانی فەرەنسییە لەلایەن زمانی ئینگلیزییەوە، لە زمانی فارسیشدا پێکهاتەی (مکة معظمة) یان دەستەواژەی (عتبات عاليات) لەسەر بنەمای زمانی عەرەبی کە پەیکاڵبونی (صفت و موصوف)ە بەپێی ڕەگەز و ژمارە خواستراوە(سەرچاوەی پێشو: ٩٩–١٠٠).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

**٢-٤) ئاما نجەکانی وەرگرتن:**

سەرباری بەریەککەوتنی زمانەکانو پێویستییان بۆ وەرگرتنی وشەی نوێ لە زمانی ترەوە، هەمیشە هۆکارگەلێکی تری کەسیو کۆمەڵایەتی هەن، کە پاڵ بە ئاخێوەرانی زمانەوە دەنێت، پەناببەنەبەر وەرگرتنی وشەی بێگانە، لە گرنگترین پاڵنەرەکانیش ئەمانەن:

**٢-١/٤) پڕکردنەوەی پێویستییەکان:**

وەرگرتنو خواستنی وشەو زاراوە زۆرجار هەڵقوڵاوی پێویستییەکانی ژیانە، پێویستییەکانی مرۆڤ لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵدا دەگۆڕێتو پێویستی تازە دێتەئاراوەو زمانیش بەپێی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگاکە دەبێت خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانو پێشکەوتنانەدا بگونجێنێت، هەمووان لەسەر ئەوە کۆکین، کە لە ئەمڕۆدا شەپۆلێکی بەرفراوان لە جیهانی تەکنۆلۆجیاو بەرهەمەکانی بواری زانستو پیشەسازیی دەرەکی هاوردەی ناوخۆ دەکرێتو زۆربەی کاتیش زمان توانای هەنگاونانی یەکسانی لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەدا نییەو ناتوانێت هاوکاتو هاوتا لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا خۆی بگۆڕێتو خۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بگونجێنێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستی بەوە هەیە، وشەو زاراوەی بێگانەش بهێنێتە نێو زمانەکەیو بتوانێت ئەو دیاردەو داهێنانە بەردەوامانە بگەیەنێت بە ئاخێوەرەکانی، لە هەمان کاتیش فەرهەنگەکەی پێ دەوڵەمەندتر بکات.

**٢-٢/٤) پەیوەندیی کەلتوریو کۆمەڵایەتی نێوان کۆمەڵگاکان:**

کاتێك دو کۆمەڵگای جیاواز بە دو زمانی جیاوازەوە بە هۆکاری جیاوازی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کەلتوریو سەربازی بەریەکدەکەون، گواستنەوەی کەرەستەو بنەما زمانییەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بابەتێکی ئاساییو قەبوڵکراو دەبێت، مێژوی مرۆڤایەتی گەواهیدەری ئەوەیە کە نەتەوەو گەلانی سەردەستو بەهێز خۆیان بەسەر گەلانی ژێردەست سەپاندوە، سەرباری سەپاندنی سیاسەتی خۆیان، کۆمەڵە وشەیەکی زۆریشیان بە نێو ئاخێوەرانی نەتەوە داگیرکراوەکەدا بڵاوکردوەتەوە، ئەوانیش بەئارەزو بێت یان نا، وەکو وشەیەکی زمانەکەیان بەکاریانهێناوە، ئەمە سەرباری هۆکاری ئایینیو زانستیو سیاسی کە هەریەکەیان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر هێنانەناوەی وشەی بێگانە بۆ نێو زمانی دووەم هەیەو دواتر لە هۆکارەکانی وەرگرتنی وشەدا بەدرێژی باسی دەکەین.

**٢-٣/٤) حەزی کەسێتی بەکارهێنەر:**

هەندێك لە قسەکەران لە کاتی قسەکردندا بە ئاگایی بێت یان نائاگایی، وشەیەکی زۆری بێگانە بە تایبەت زمانانی ڕۆژئاوا بەکاردێن، ئەمەش تەنها حەزێکی کەسییەو زۆرجار بە مەبەستی خۆدەرخستنو خۆبردنەپێشەوەیە. ((هەندێ جار بەهۆی مەیلی خۆدەرخستنو دەرکەوتن، چەندین وشەی بێگانە دێتە ناو زمانی خۆماڵی، ئەمەش زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ مەیلی لاساییکردنەوە))(ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: ١٣٥). چونکە زۆرجار ئەو وشەیەی کە بەکاردێت، هیچ پێویست نییەو زۆر بە ئاسانی دەتوانین وشەی خۆماڵی بۆ ئەو دیاردەیە بەکاربهێنین، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ وشەی بێگانە ببەین، بۆ نمونە دەتوانین ئاماژە بۆ وشەکانی


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(contact) لەبری (پەیوەندی)و (discipline) لەبری (ڕێکخستن)و (پۆزەتیف) لەبری (ئەرێ)و چەندین وشەی تر.

ئەوەی جێی داخە، ئەو کەسانەی کە پەنادەبەنە بەر ئەم وشانە بەزۆری کەسانی ڕۆشنبیرو ئەدیبو خاوەن پێنوسن، کە دەیانەوێت بە بەکارهێنانی ئەو وشانە ئاستی ڕۆشنبیریو زانیاریی خۆیان نیشان بە کەسانی بەرانبەر بدەن. ئەمەش بەزۆری ((دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربونو حەزکردن بە لاساییکردنەوەی ئەو زمانە بێگانەی کە ئاستێکی زانستیو ڕۆشنبیریی بەرزیان هەیە، بەتایبەتی بەهۆی مەیلی خۆدەرخستنو خۆجیاکردنەوە لە کەسانی ئاسایی))(ساکار ئەنوەر حەمید: ٢٠٠٩ :٨٠).

## ٢-٥ ) هۆکارەکانی وەرگرتن لە زماندا :

وشەوەرگرتن وەك دیاردەیەکی زمانەوانی ئەگەرچی دیاردەیەکی بەربڵاوو سروشتییەو لە هەمو زمانێکدا ئەگەری ڕودانی هەیە، بەڵام ئەم دیاردەیە ڕونادات، ئەگەر چەند هۆکارێك نەبن، تاوەکو ئەم پرۆسەیە بەدیبهێنێت، دیارە زۆربەی هۆکارەکانیش لە دەرەنجامی ئەو پەیوەندیو بەریەککەوتنەوەیە کە لە نێوان کۆمەڵگاکاندا ڕودەدەن، دواجاریش یەکەی زمانی لە نێو زمانەکاندا ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت. پێویستە ئەوەش بوترێت ڕیزکردنی ئەم هۆکارانە پەیڕەوی لە هیچ ڕێبازو ئامارێك نەکردوەو هەوڵدراوە بەپێی ڕێژەی هاوردەکردنی وشەکان بۆ نێو زمانی کوردی، هۆکارەکان پۆلێنبەندی بکرێت.

### ٢-٥/١ ) هاتنەناوەوەی دیاردە زانستیو پیشەسازیو کەلتورییەکان :

پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو پیشەسازیو گەشەکردنی شارستانیەتو تێکەڵبونو بەریەککەوتنی کۆمەڵگاکان لە ڕوی کۆمەڵایەتیو کەلتورییەوە پێداویستییەکانی ژیانی زیادترکردوە، بەمەش بیری داهێنانو ئەفراندنی پەرەپێداوەو چەندین دیاردەو چەمکی نوێ پەیدابونو سنوری کۆمەڵگاکانیان بڕیوەو بون بە موڵکی گشتی، لە ئەنجامیشدا ئەندامەکانی هەر یەکێك لەو کۆمەڵگایانە کە ئاشنای چەمکە تازەکە دەبن، پێویستیان بە وشەو زاراوەی نوێ دەبێت، بۆئەوەی گوزارشت لەو دیاردە نوێیانە بکەن، لەم کاتەدا ئەگەر ئەو وشەیەی لە نێو فەرهەنگی بنەڕەتی زمانەکەیدا دەست نەکەوت، ناچارە پەنا بۆ وشەی گونجاو بۆ ئەو دیاردەیە جا لەو زمانە بێت، کە دیاردەکەی لێوەرگرتوە، یان هەر زمانێکی تر ببات، بۆ نمونە بە هاتنەئارای دیاردەیەکی وەکو (تەلەفۆن) وەکو کەرەستەیەکی پەیوەندیکردنو ناساندنی بە کەلتورە جیاوازەکان، زۆرێك لە کۆمەڵگاکان سەرباری وەرگرتنی ئەم دیاردەیە، ناوەکەشیان بە هەمان فۆرمو واتاوە لە زمانەکەوە وەرگرتوە، هەروەها زۆرجاریش بەناوی خودی داهێنەری دیاردەکەوە ناوەکەش دەچێتە نێو زمانی دووەمو دەبێت بە بەشێك لە فەرهەنگی ئەو زمانە، وەك وشەی (کلاشینکۆف)، ئەمەش لیستێکە لەو وشانەیە کە بەهۆی هاتنی دیاردەکە، ناوەکەشی لەگەڵیدا هاتوەتە نێو زمانی کوردییەوە: (ئینتەرنێت، کۆمپیوتەر، لاپتۆپ، مۆبایل، سەتەلایت، ڕادیۆ، لەیزەر، پیانۆ، ستادیۆم، سپۆرت، کێك، سویچ، کافتریا، کۆفی، سۆپەرمارکێت، مۆڵ، مارکێت، ئاسانسۆر، ....تاد).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢-٥/٢ ) هۆکاری ئاینیو مەزهەبی:**

هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە کۆمەڵگاکان کاتێك کاریگەردەبن بە ئاینێك، لەگەڵیدا پەیوەندییەکی ڕۆحیو دەرونی پەیدادەکەنو لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا لەگەڵیدا تێکەڵدەبن، سەرباری بەجێهێنانی فەریزەو وێردو سروده ئاینییەکان، چەندین وشەو زاراوەی ئەو ئاینەش دێتە نێو زمانەکەی، ئەگەرچی زمانەکەش جیاوازبێت لە زمانی دابەزینی ئاینەکە، بۆ نمونە زمانی کوردی تا ئەمڕۆش چەندین وشەو زاراوەی ئاینی زەردەشتی تێدایە، هەرچەندە لە ئێستادا پەیڕەوانی ئەو ئاینە زۆر کەمە لە کوردستاندا، بەڵام ئەو وشەو زاراوانە لەناو فەرهەنگی زمانی کوردیدا ماوەتەوەو ڕۆژانە لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە بەکاردەهێنرێن، بۆ نمونە وشەکانی (موغ، نماز، مزگەفت<مزگەوت، زەمین، پیر، پیرەمەگرون، ...تاد)(هیدایەت عبداللە محمد: ٢٠٠٧: ٢٣٢). دوای وەرگرتنی ئاینی ئیسلامیش، لەگەڵیدا چەندین وشەو زاراوەی نوێ هاتونەتە نێوی زمانی کوردییەوەو تا ئێستاش بەکاردەهێنرێنو بەشێکی زۆریان بون بە بەشێ لە فەرهەنگی زمانەکە، لەوانە ( قورئان، زیکر، خەلیفە، حەج، زەکات، خێر، شەڕ، شەرع، ڕەحمان، شەیتان، ڕەمەزان، حەشر، جەزا، تەڵاق، سونەت، نامۆس، حەیا، حورمەت، عەبا، عەمرە، ئیسلام، حەرام، حەڵاڵ، ...تاد)، هەروەها چەندەها ناوی تایبەتیش لە کاریگەریی ئاینی ئیسلامو پیرۆزییەکانی هاتونەتە نێو زمانی کوردییەوە، لەوانە (محمد، عەلی، عومەر، بەکر، یاسین، ئادەم، داود، ...تاد).

هەروەها چەندین زاراوەی عەرەبیش بە کاریگەریی خوێندنو ڕۆشنبیری حوجرەو مزگەوتەکان، کە ئەمەش پاڵنەرێکی ئاینی هەبووە، هاتونەتە نێو فەرهەنگی زمانی شیعری کلاسیکی کوردییەوەو پانتاییەکی فراوانیان داگیرکردوە، لەوانە، (سەجع، مولەمەع، فەنا، بەقا،.... تاد).

**٢-٥/٣ ) پەیوەندی ئابوریو سیاسیو کەلتوری:**

ئاڵوگۆڕی بازرگانیو پەیوەندیی سیاسیی نێوان دەوڵەتەکانو پەیوەندیی کەلتوری نێوان گەلەکان هۆکارێکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی، چونکە ئەو کەرەستە مادیو مەعنەوییانەی کە لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییانەوە ئاڵوگۆڕییان پێدەکرێت، چەندین زاراوەو وشەو چەمکی زمانیش لەگەڵ خۆیاندا ئاڵوگۆڕی پێدەکەن، تاوەکو لە ڕوی بازرگانیو سیاسیو کەلتورییشەوە پەیوەندییەکان زیاتربێت، وشەوەرگرتنیش زیاتر دەبێت، بۆ نمونە: (کۆنگرە، پەرلەمان، دیموکراسی، لیبرالیزم، کۆنفرانس، تایت، شامپۆ، دۆلار، سینما، ئەنجومەنو ......تاد).

**٢-٥/٤ ) سنوری جوگرافی:**

نزیکیو هاوسنوریی نێوان دەوڵەتە جیاوازەکان، هۆکارێکی سەرەکی ئاوێتەبونو تێکەڵبونی تاکەکانەو لە ئەنجامیشدا چەندین زاراوەو چەمکی زمانی لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕی پێدەکرێتو زمانەکەیان پێ دەوڵەمەنددەکەن، بۆ نمونە دراوسێیەتی خاکی کوردستان لەگەڵ نەتەوەکانی (عەرەبو فارسو تورك) هۆکاری هاوردەکردنی چەندین وشەو زاراوەی ئەو زمانانەیە بۆ نێو زمانی کوردی (( فەرهەنگی زمانی کوردی کاریگەریی زمانە دراوسێیەکانی لەسەرە، فەرهەنگی زمانانی دراوسێی وەکو فارسو تورکو عەرەب کە ناتوانن لە فەرهەنگی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**میللەتانی کاریگەریی قبوڵ نەکەن، کەمو زۆر ئەو کاریگەرییانە دەگوێزنەوە بۆ نێو فەرهەنگی کوردی))**(ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: ١٤١)**، بۆ نمونە:**

**ا- وشەی عەرەبی: (عەزیەت، ئاسار، غەفور، زەلیل، ئیمان، تەماح، ئیمتیحان، مورتەد، ...تاد).**

**ب- وشەی فارسی: زمانی کوردی لەبەرئەوەی سەر بە بنەماڵەی زمانی هیندۆ ئێرانینو هەردوکیشیان سەر بە زمانە هیندۆئەوروپییەکانو سەرچاوەکەیان یەکە، بۆیە ناتوانرێت بگوترێت کامە وشە فارسییەو کامە کوردییە، لەوانە وشەکانی (سروشت، نمایش، وەرزش، ئەندێشە، ....تاد).**

**پ- وشەی تورکی: (قەرەباڵخ، قاتر، یاپراخ، قاڵردمە، قاچاخ، ئێشکچی، قورمساغ، ....تاد).**

**٢-٥/٥ ) خوێندن لە دەرەوەی وڵات:**

**هەندێجار ڕۆیشتنی خوێندکار لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەبێتەهۆی ئەوەی کە ئەو خوێندکارە لەگەڵ گەڕانەوەی چەندین زاراوەو چەمکی زانستو پسپۆری لەگەڵ خۆی بهێنێتەوەو لە کاتی ئاخاوتندا بەکاریان بهێنێت، بۆیە هەندێجار ئەو بەکارهێنانە تاکەکسییە پەلدەهاوێژێت بۆ نێو زمانی گشتیو دەبێت بە بەشێك لە زمانی ئەو کۆمەڵگایانەو زۆرجاریش بە پێچەوانەوە تەنها لە سنورێکی کەمو ماوەیەکی کەمدا بەکاردێتو ناچێتە نێو فەرهەنگی زمانەوە.**

**٢-٥/٦ ) هەستی لە پێشدانانو خۆدەرخستن:**

**هەندێجار تاکەکانی کۆمەڵگایەك بە مەبەستی خۆلەپێشدانانو خستنەڕوی توانای خۆی، پەنا بۆ چەند وشەو زاراوەیەکی بیانی دەبەنو لەکاتی پێویستیو ناپێویستیدا بەکاریان دەهێنن، لە کاتێکدا زۆر بەئاسانی دەتوانین بەرامبەر ئەو وشانە لەناو فەرهەنگی زمانەکەی خۆشماندا بدۆزینەوە، کەچی دوای ماوەیەك ئەو وشانە لەلای کەسانی تریش دەبێت بە باو و بە شێوەی لاساییکردنەوە بەکاریدەهێننو زۆرجار دەچنە نێو فەرهەنگی زمانو بەئاسانی ناتوانێت وازیان لێبهێنیت، بۆ نمونە وشەکانی (سوپرایز، کۆنتاکت، دیسپلین، دیفاکتۆ، ...تاد).**

**٢-٥/٧ ) تابوی کۆمەڵایەتی:**

**لە هەمو کۆمەڵگایەکدا، کۆمەڵە وشەو زاراوەیەك هەن، کە خاوەنی واتایەکی ناشیرینو لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە ئاخێوەرانی زمان هەوڵدەدەن، خۆیان لێ بەدوربگرنو تا ئەو جێگایەی دەتوانن بەکاری نەهێنن، بەم جۆرە وشانە دەوترێت (تابوی زمانی). دیارە مەبەست لە تابو بە شێوە گشتییەکەی ((بریتییە لە کۆمەڵە ڕەفتارێکی قەدەغەکراوو تابوی زمانیش یەکێکە لە ڕووەکانی، کە خۆی لە قەغەکراوە زمانییەکاندا دەبینێتەوە))**(یحی مدرس: ١٣٩١: ١٠٦). **خۆپاراستن لە هەندێك چەمكو زاراوەی زمانی دیاردەیەکی گشتییەو لە زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێتو یەکێ لە ڕێگاچارەکان بۆ دورکەوتنەوە لە هەندێك لەو چەمکە زمانییە قەدەغەکراوانە دیاردەی وەرگرتنی زمانییە، کە لە ڕێگەیەوە کەرەستەو یەکەی زمانی بێگانە کە ڕووە ناشیرینو قبوڵنەکراوەکەی ڕونو ئاشکرانییەو دەبێتە جێگرەوەی کەرەستەو یەکە خۆماڵییەکە، بۆ نمونە وشەکانی وەکو:**


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**تەوالێت، WC > ئاودەست**

**جیماع > شەوباخەڵ**

**لیباس > دەرپێ**

**ستیان > مەمکدان، مەمکەلۆەس**

**جنس > جوتبون**

**حامله > دوگیان**

**عاده > بێنوێژی**

**شۆرت > دەرپێ**

**٢-٥/٨ ) بەریەککەوتنی سەربازی:**

**هەر لە دێر زەمانەوە نەتەوەکان ململانێی داگیرکردنو خۆسەپاندنی هێزیان بە سەر یەکتریەوە هەبووەو هەوڵیانداوە، خۆیان بە سەر نەتەوەکانی ژێردەستیاندا زاڵبکەنو نەتەوەیەك یان چەند نەتەوەیەك بخەنە سەر قەڵەمڕەوی خۆیانەوە، دیارە ئەم داگیرکاریو خۆسەپاندنەیش زۆرجار بەریەککەوتنی زمانی لێدەکەوێتەوەو ئەگەری ئەوە هەیە، زمانی دەسەڵاتی داگیرکەری بە سەر زمانی دەسەلاتە داگیرکراوەکەدا زاڵببێت، تەنانەت ئەگەریی لەناوچونو سڕینەوەی زمانی نەتەوە داگیرکراوەکەش لەئارادایە (ئەگەر دو کۆمەڵگەی زمانی بەریەککەوتنی سەربازی تێیدا ڕوبدات، ئەگەری ئەوە هەیە، یەکێك لە زمانەکان بسڕدرێتەوە یان وەرگرتنی زمانی ڕوبدات)**(یحي مدرس: ١٣٩١: ٨٥ و فاطمة عزيز محمدی: ١٣٨٢: ٧٥)**. بە شێوەیەکی گشتی لەم جۆرە بەریەککەوتنەدا باڵادەستی نازمانی سیاسیو ئابوریو کەلتوریو ... زۆرجار باڵادەستی زمانی دێنێتە ئاراوەو ((زمانی نەتەوە داگیرکراوەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانی نەتەوە داگیرکەرەکە))**(ساکار ئەنوەر حەمید: ٢٠٠٩: ٨١). **بە واتایەکی تر زمانی نەتەوە داگیرکەرەکە دەبێتە زمانی باڵادەستو زمانی هەناردەکردنو پێدەری وشە بە زمانی نەتەوە داگیرکراوەکە. هەرچەندە ڕوشدەدات، کە زمانی نەتەوە داگیرکەرەکە وشە لە زمانی نەتەوە داگیرکراوەکەوە وەربگرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئاراستەکە بە شێوەیەکە نەتەوەی ژێردەستە وشەوەرگرەو نەتەوەی باڵادەست وشەپێدەر، بەو پێیەش بەدرێژایی مێژو نەتەوەی کورد لەلایەن نەتەوەکانی دراوسێو باڵادەستەوە زوڵمی لێکراوەو هەمیشە کورستان ناوچەی شەڕبووەو هەر نەتەوەیەك دەسەڵاتی هەبووە، هەوڵیداوە، زمانەکەی خۆی بە سەر زمانی کوریدا بسەپێنێت، بۆیە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا لە ڕوی سەربازیو کارگێڕیو ڕامیاریو ئاسایشەوە پڕە لە وشەی هاوردەکراو، بەتایبەتی لە زمانی عەرەبیو فارسیو تورکییەوە، لەوانە (عەسکەر، حکومەت، سوڵتان، ئەمیر، زابت، ڕاید، عەمید، جاسوس، دەفتەردار، جەیش، دەبابە، تەیارە، مستەشار، مودیر، مدیرناحیە، ...). هەروەها بەهۆی دەسەڵاتی عوسمانییەوە چەندین ناوی شوێنو شارو شارۆچکەی کوردستان بە زمانی تورکی ناویان لێنراوەو تا ئێستاش بەو ناوە ناسراون، بۆ نمونە ( قزلەر، ئاڵتون کۆپری، قزقاپان، سابلاخ، قەرەداخ، قەرەچۆغ، قەرەگوڵ، قوشتەپە، قۆریە، قرگە، سورداش، سۆیلەمش، ....تاد)**(بڕوانە: هیدایەت عبدالله محمد: ٢٠٠٧: ٣٠).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢-٩/٥ ) هۆکارەکانی ڕاگەیاندن:**

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە هەر سێ جۆری (بیستراو و بینراو و خوێنراو)ەوە، کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر ژیانی مرۆڤەوە هەیە، لە سەروی هەموویانەوە بە سەر زمانەوە، چونکە ڕاگەیاندن دەچێتە ناو هەمو چینو توێژو ماڵێکەوەو بەئاسانی کار لە هزرو فەرهەنگی زمانی وەرگر دەکات، سەرباری کاریگەریی نەرێنی ڕاگەیاندن، دەشتوانێت وەك هۆکارێك بۆ گەشەکردنو دەوڵەمەندکردنی زمانەکە، سود لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن وەربگرێت. بۆیە ((بەهۆی ڕاگەیاندنەوە زمانێکی نوێ دروستبووەو جیاوازە لە زمانی زانستو ئەدەب، بە نەرمیو سادەیی گوزارشت لە ژیانی ڕۆژانە دەکات...ڕاگەیاندن زمانی گەیاندوەتە قۆناغێکی نوێو گەشەی بە زمان داوەو خۆی گونجاندوە لەگەڵ سەردەمی خۆیدا))(چۆلی ئەسعەد: ٢٠١٣: ٧٥). هەرچی پەیوەندی بە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەوە هەیە، ڕاگەیاندکار توانیویەتی چەندین زاراوەو وشەی نوێو گوزارشتی نوێی لە هەمو بوارە جیاجیاکانی زانستو هونەرو سیاسەتو زمانو بوارەکانی تری ژیاندا بهێنێتە ناو زمانو بڵاوی بکاتەوەو ئاسۆی زمانی فراوانترکردوە. کەواتە ((هەواڵساز لە وەرگرتنو داڕشتنو سازکردنی وشەو زاراوەی نوێ، ڕۆڵێکی زۆری لە سەر فراوانکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی هەبووە))(سەرچاوەی پێشو: ١٩٥). وەك وشەکانی (ستایل، کۆمێنت، فرێند، ڕێکلام، دۆسیە، فاکت، بۆند، ...تاد).

**٢-٦ ) پرۆسەکانی وەرگرتن:**

لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ئەوە دەردەخەن، کە پرۆسەی وشەوەرگرتن لە زماندا بە یەك شێوەو بە یەك ڕێگا لە زمانێکەوە ناگوێزرێتەوە بۆ ناو زمانێکی تر، بەڵکو بە لێکۆڵینەوە لە وشە وەرگیراوەکان دەتوانین جۆرو چۆنیەتی هاوردەکردنو ڕێژەی کارایی یەکێك لە پرۆسەکان بە بەراورد بە پرۆسەکانی تر دیاری بکەینو ئەوە نیشانبدەین، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا بەزۆری پشت بە کام پرۆسە دەبەسترێت بۆ وەرگرتنی وشەیەك یان زاراوەیەك، زۆرجاریش زمانەوانان بەپێی جۆری پەیوەندی نێوان زمانی بەخشەرو زمانی وەرگرو ئەندازەی سادەییو ئاڵۆزی پرۆسەکەو چەندێتی ئەو گۆڕانەی کە بە سەر وشەوەرگیراوەکەدا هاتوە، پرۆسەکانی بۆ چەند جۆرێك دابەشکردوە، بەم شێوەیە: (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ویدا شقاقی: ١٣٩٢: ١٢٨، سید محمد حسینی معصوم: ١٣٩٣: ٥٦)

**٢-١/٦ ) وەرگرتنی ڕاستەوخۆ (وشەی بیانی) (loan words):**

هەندێجار زمانێك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یەکەیەکی زمانی لە زمانێکی ترەوە وەردەگرێت، بەبێ دەستکاریو وەك خۆی دەیخاتە بەردەم ئاخێوەرانی خۆی، بەم پرۆسەیەش دەوترێت وەرگرتنی ڕاستەوخۆ. بۆیە ((ئەو هێمایانەش لە گەنجی وشەی زمانێکدا بە وشەی بیانی دادەنرێن، کە لە زمانێکی بیانییەوە وەك خۆیانو بەبێ گۆڕانکاری لە فۆرمو واتایاندا پەسەندکراونو وەرگیراون))(محەمەدی مەحوی: ١٤٢). وەك وشەکانی: (سەتەلایت، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، عەصەبیی، حەج، زەکات، موبایل، فیلم، کودەتا، بلیت، مۆندیال، شامپۆ، مۆدێل، ساڵۆن، کۆرس، کرێم، ئەرشیف، ئەلبوم، کەتەلۆگ، ئۆفسايد، گۆڵ، هۆڵ، ....تاد).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**٢-٢/٦ ) وشەی وەرگیراو ( Entlehnung borrowing words ):**

ئەو وشەو زاراوانە دەگرێتەوە، کە لە زمانێکی ترەوە وەرگیراونو خراوەتە ژێر کۆنترۆڵی فۆنەتیکیو فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییەوە. بە واتایەکی تر ((وشە خواستراوەکان ئەو چەشنەی وشە وەرگیراوەکانە، کە فۆنۆتاکتیکی پێڕەوی فۆنۆلۆژییو گەلێك جاریش مۆرفۆلۆژیی کوردیی فۆرمو شێوەیانیان وەها داڕشتوەتەوە، کە لەگەڵ پێڕەوەکەیدا بگونجێت))(سەرچاوەی پێشو: ١٤٣).

زمانی کوردی وەك زۆربەی زمانەکانی تر زۆر سودی لەم ڕێگایە وەرگرتوەو ئەو وشانەی وەریگرتون، خستویەتییە ژێر دەستوری فۆنەتیکیو فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییەوەو خۆماڵیی کردون. هەروەك (جەمال نەبەز) دەڵێت: ((هەر وشەیەکی بێگانە هاتە ناو زمانی کوردی، دەبێ بخرێتە ژێر ڕکێفی دەستوری زمانەوانی کوردییەوەو لە ڕوی مۆرفۆلۆژیو فۆنۆلۆژیو ئۆرتۆگرافییەوە))(ڕۆژان نوری عبداللە: ٢٠٠٧: ١٤٣). وەك ئەم وشانەی خوارەوە:

طعم > تام

طعنة > تانە

آثار > ئاسار

ظالم > زاڵم

معاملة > مامەڵە

ختان > خەتەنە

رخسە > ڕووخسەت

مهلە> مۆڵەت

Jungle > جەنگڵ > جەنگەڵ

Bangle > بانگڵ > بەنگەڵە > بازنە

Kopru > کۆپری

Linesma > لایەنمەن > لایمەن

**٢-٣/٦ ) وەرگرتنی ناڕاستەوخۆ ( Indirect borroing ):**

کاتێك زمانێك بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زمانێك یان چەند زمانێکی ترەوە کەرەستەیەکی زمانی هەناردەی زمانێکی تر دەکات، دەگوترێت وەرگرتنی ناڕاستەوخۆ ڕویداوە. بە واتایەکی تر لە وەرگرتنی ناڕاستەوخۆدا (زمانی بەخشەر (A) وشەیەك لە زمانێکی ترەوە (C) وەردەگرێتو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەناردەی زمانێکی تر (B) دەکات)(ویدا شقاقی: ١٣٩٢: ١٢٩). بۆ نمونە زمانی کوردی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لە دەستی دووەمەوە چەندین وشەو زاراوەی لە زمانی عەرەبیو تورکیو فارسییەوە وەرگرتوە، پاش کەوتنە ژێر



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییەوە، بەم شێوەیە: لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە هەریەکە لەم وشە یۆنانیانە هاتونەتە نێو زمانی کوردییەوە: (فنجان، فەیلەسوف، لیریك، جفرە، عابا، بۆڤ، باروکە، مۆمیا.....تاد).

لەم بارەیەوە (شەهاب شێخ تەیب) دەڵێت: ((هەندێ وشە هەن لە زمانێکەوە وەرگیراون، ئەویش لە زمانێك ترەوە وەریگرتوە: بۆ نمونە وشەی (بیجامە) ئێمەو عەرەبیش لە ئینگلیزمان وەرگرتوە (pyjama)، بەڵام ئینگلیزیش لە زمنی هیندییەوە وەریگرتوە، وشەی (جگەرە)یش لە (cigarette)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، بەڵام بنچینەی وشەکە فەرەنسییە))(شەهاب شێخ تەیب تاهیر: ٢٠١٢: ٢٥٨)

**٢-٦/٤) وەرگێڕانی وەرگیراو (borrowing translation):**

جۆرێکی تری وەرگرتن، بریتییە لە وەرگێڕانی وەرگیراو، لێرەدا وەرگێڕانێکی ڕاستەوخۆ بۆ وشە بیانییەکە بە زمانی خۆیان بکەن. واتە (لەم جۆرە وەرگرتنەدا، وەرگێڕانی وشەبەوشەیی (حەرفی) بۆ وشە بیانییەکە دەکرێتو وەکو وشەیەکی نوێ لە زمانە وەرگرەکەدا بەکاردەهێنرێت)(محمد رضا باطنی: ١٣٩٠: ٩٧). لە زمانی ئینگلیزیدا (cloud scraper و loan-word) لە وشە ئەڵمانییەکەی (Wolkenkratzer و Lehnwort)ەوە وەرگێڕدراون، ئەوجا لە زمانی عەرەبیشدا (ناطقات السحاب) لە ئینگلیزییەکەی (cloud scraper)ەوە وەرگێڕدراوە، زمانی کوردیش وەك زمانەکانی تر چەندین وشەی نوێی بە ڕێگای وەرگێڕانی وشەبەوشەیی هێناوەتە نێو زمانەکەیو فەرهەنگەکەی پێ دەوڵەمەندکردوە، بۆ نمونە: لە وشەی (girlfriend) وشەی (کچی هاوڕێ)ی خواستوە، هەروەها لە وشەی (ثلاجة) وشەی (بەفرگر) وەرگێڕراوە، ... تاد. هەروەها ئەم فرێزانەی خوارەوەش لە ئەنجامی وەرگێڕانی هەمو بەشەکان یان یەکێك لە بەشەکانی فرێزەکەوە دروستکراوە:

ضربة جزاء > لێدانی سزا

منطقة جزاء > ناوچەی سزا

مربع ذهبی > چوارگۆشەی زێڕین

**٢-٦/٥) وەرگرتنی گوزارشتی/تەعبیری (Loan interpretation):**

هەروەك لە ناوەکەیەوە دیارە، لەم ڕێگایەدا بە سەیرکردنو ئاوڕدانەوە لە فۆرمو کارایی کاڵاکەو ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێت، وشەیەکی گونجاو لە زمانە خۆماڵییەکە بۆ ئەو کاڵایە هەڵدەبژێردرێت، بەشێوەیەك بتوانێت تەعبیر لە شێوەو کارایی ئەو وشەیە بکات، بە واتایەکی تر لە دروستکردنی ئەم وشەیەدا ناولێنراوەکەی ڕاڤەکراوەو دواتر وشەیەکی گونجاوی لە زمانە خۆماڵییەکە بۆ دانراوە، بۆ نمونە:

خودنویس، خۆ بەڕێوەبەر، پێنوس، دوچەرخە > ئەسپەئاسنینە، ڕێزمان، ڕێنوس،

**٢-٦/٦) ئاوێتەکردن (loan blending):**

جۆرێکی تری وشەدروستکردنو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، پەنابردنە بۆ ڕێگەی (ئاوێتەکردن)، دیارە مەبەست لە ئاوێتەکردن، ئاوێتەکردنی وشەو مۆرفیمی بیانییە لەگەڵ وشەو مۆرفیمی خۆماڵیدا. واتە لەم جۆرەدا (وشە وەرگیراوەکە وەکو کەرەستەی سەرەکی سودی لێوەردەگیرێتو بەهۆی پێشگر یان پاشگری


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**خۆماڵییەوە وشەیەکی نوێ دروستدەکرێت)**(ویدا شقاقی: ۱۳۹۲: ۱۳۰). **بە واتایەکی تر وشەکە بەشێکی وەرگیراوەو بەشەکەی تری خۆماڵییە، بەم شێوەیە:**

**گوناح + کردن = گوناحکردن**

**مونتاژ + کردن = مونتاژکردن**

**ئیمان + دار = ئیماندار**

**فیلم + ساز = فلیمساز**

**موزیك + ژەن = موزیکژەن**

**گوڵ + ەر = گوڵەر**

**گوڵ + پارێز =گوڵپارێز**

**پلان + دارێژەر = پلاندارێژەر ....تاد**

**٢-٦/٧ ) وەرگێڕان و تەعبیری ڕاڤەی وەرگیراو ( Loan translation and interpretation ):**

**لەم ڕێگایەدا بەشێك لە وشەکە وەرگێڕانی وشەبەوشەیی بۆ دەکرێتو بەشەکەی تر بەپێی کارایی‌و تایبەتمەندیی کاڵاکە بە وشەیەك ڕاڤەو تەفسیردەکرێت، بۆ نمونە لە زمانی فارسیدا بەرامبەر بە وشەی (spaceman) کە بەشی یەکەمی، واتە (space) بە واتای (فضا) وەرگێڕاراوە و بەشەکەی تری (man) بە واتای مرڤێك گەشتی ئاسمانی کردبێت، وشەی (فضانورد) بەکارهاتوە.**

**٢-٦/٨ ) گۆڕینی وەرگیراو ( Loan shift ):**

**لەم جۆرە وەرگرتنەدا وشەکە ڕاستەوخۆ لە زمانێکی ترەوە وەرناگیرێتو وەرگێڕانیشی بۆ ناکرێت، بەڵکو هەوڵدەدرێت لە بری سودوەرگرتن لە وشەی بیانی بۆ کالا یان کەرەستەیەکی بیانی بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی کۆن‌و وشەیەکی کۆن کە لە ئێستادا کارا نییە، بەڵام گونجاوە بۆ کاڵاکەو وەکو وشەیەکی نوێ بەکاریبهێنین، بۆ نمونە لە زمانی فارسیدا لە بەرامبەر وشەی (refregirator) وشەی (یخچال) بەکاردەهێنن، کە وشەیەکی کۆنی فارسییەو لە سەرەتادا بە واتای (چاڵی سەرداپۆشراو) هاتوەو تێیدا ئاو یان هەر مادەیەکی تریان دادەنا، بۆ ئەوەی بە ساردی بمێنێتەوەو لە کاتی تردا سودیلێوەربگرن، بەڵام بە هاتنی ئەم ئامێرە ساردکەرەوەیە، ئاخێوەرانی زمانی فارسی وشەکەیان نوێکردەوەو ئێستا وشەیەکی زیندوی زمانەکەیە. هەروەها وشەی (پسپۆر) لە کۆندا بە واتای کەسێك کە شارەزایی لە مەڕو ماڵاَت (ئاژەڵداری) هەبێت، بەڵام ئێستا ئەم وشەیە زیندوکراوەتەوەو بە کەسێك دەوترێت، کە پسپۆڕی بوارێکی زانستی (خبیر) یان پیشەیی بێت.**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجامەکان

١- لە ئەنجامی بەریەککەوتنی کۆمەڵگاکان، سەرجەم لایەنە مادیو مەعنەوییەکان بەریەکدەکەون، بێگومان زمانەکانیش بەریەکدەکەونو کاریگەریی لەسەر یەکتر دەنوێنن، یەکێك لە گرنگترین ئەو کاریگەرییانەش (وەرگرتنی زمانی)یە، کە پرۆسەیەکی بەردەوامو لێکدانەبڕاوی نێو کۆمەڵگاکانە بە درێژایی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکانیانو بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستی ئاخاوتنی ڕۆژانەیان.

٢- زمانەکان بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە وەك سنوری جوگرافی یا ڕامیاری یا دیاردە سروشتییەکانی یا مەزهەب یا کەلتور یا ئابوری یا پەروەردەو فێرکردن یا تەکنەلۆجیاوە بەریەکدەکەون، لە ئەنجامی ئەم بەریەککەوتنە یان دەبێتە هۆی دروستبونی ململانێی نێوان زمانەکان یان پەیوەندی لە نێوانیاندا دروستدەکات، لە هەردو بارەکەدا کردەی وەرگرتنی وشە ڕودەدات، بەمەش چەندین وشەو زاراوە بۆ نێو یەکتر دەپەڕنەوەو لە لایەن قسەپێکەرانەوە بەکاردەهێنرێنو دەچنە نێو فەرهەنگی زمانەکەیانەوە.

٣- سەربارى ئەوەی دیاردەی وشەوەرگرتن، دیارەیەکی سروشتییەو کەس ناتوانێت ڕێگری لێبکات، جگە لە پاڵنەری پێویستیو پڕکردنەوەی پێویستییەکانی ئاخێوەری زمان، هۆکاری تری وەك: ویستو حەزی تاکەکەسیو ئارەزوی لاسایکردنەوەو خۆبردنەپێشەوە هەن، کەوا لە ئاخێوەران دەکەن، پەنابەنە بەر زمانەکانی تر.

٤- زمانەکانی جیهان هەریەکە بەپێی تایبەتمەندیو پێکهاتەی خۆیو بە شێوەی جیاواز سود لە ڕێگاکانی پرۆسەی وەرگرتن وەردەگرێتو فەرهەنگی زمانەکەی پێ دەوڵەمەنددەکات، هەرچی زمانی کوردیشە ئەگەرچی سودی لە هەمو ڕێگاکان وەرگرتوە، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییەو مەترسییە، زۆربەی ئەو وشانەی وەرگیراون بە ڕێگای یەکەم واتە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وشەکە لە زمانێکی ترەوە هاوردەکراوە، یان بە ڕێگای دووەم واتە بە دەستکارییەکی کەمەوە وشەکە وەرگیراوە.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان

**ا- بە زمانی کوردی:**


١- ئاراس فتاح (٢٠٠٧)، چەمکی ململانێ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٢- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣) بەراوردێکی مۆرفۆسنتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.

٣- چۆلی ئەسعەد (٢٠١٣)، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کمال، سلێمانی.

٤- ڕۆژان نوری عبداللە (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمانو زاراوەی کوری، چاپی یەکەم، خانەی چاپو بلاّوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

٥- فاروق عومەر سدیق (٢٠١١)، لەدایکبونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٦- سەلام ناوخۆش (٢٠١٣)، بەریەککەوتنی زمانەکان، چاپی یەکەم،

٧- ساکار ئەنوەر حەمید (٢٠٠٩)، وشەخواستن لە زمانی کوریدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٨- شەهاب شێخ تەیب تاهیر (٢٠١٢) بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، چاپ و بلاّوکراوەی سلێمانی.

٩- شیروان حسین حمد (٢٠١٤)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگو ڕاپەڕندنی ئەرکی سینتاکسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٠- محەممەدی مەحوی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیو بەیەکداچوونی پێکهاتەکان (مۆرفۆلۆژیی کوردی)، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١١- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٢- هیدایەت عبداللە محمد (٢٠٠٧)، وشەو زاراوەی خوازراوو سەپێنراو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٢١)، سلێمانی.


**ب- بە زمانی فارسی:**


١٣- حسین قاسمی و مریم ستاری (١٣٨٩)، مهمترین عوامل و دوره‌های دورود واژگان قرچی در زبان فارسی و طبقه بندی معنایی آنها، فصلنامه اندیشه‌های ادبی، سال دوم از دوره جدید، شماره (٥).

١٤- سید محمد حسینی معصوم، حیدر علی امینی، مسیح اله نعمتی (١٣٩٣)، طبقه‌بندی تغیرات ساختواژی در فرایند وامگیری واژه‌ها از زبان ترکی به فارسی، فصلنامه مطالعات زبان و گویش غرب، دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه رازی کرمانشاه، سال اول، شماره (٤).

١٥- فاطمة عزیز محمدی (١٣٨٢)، بررسی برخی فرایندهای رایج قرض گیری در زبان فارسی، پژوهشنامه پردازش و مدیریت اگلاعات، سال (١٨) شماره ( ٣-٤).

١٦- محمد رضا باطنی (١٣٩٠)، زبان و تفکر، چاپ دهم، نشر آگه، تهران

١٧- ویدا شقاقی (١٣٩٢)، مبانی صرف، چاپ ششم، سمت، تهران.

١٨- یحی مدرس (١٣٩١)، درآمدی بر جامعه‌شناسی زبان، چاپ سوم، چاپ و صحافی فرشیوه، تهران.


**پ- بە زمانی عەرەبی:**


١٩- سوهيلة دريوش (٢٠١١)، الفروق اللغوية في المعاجم العربية، منشورات مخبر الممارسات اللغوية في الجزائر.




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ت- بە زمانی ئینگلیزی:**

20- David crystal (2008), A dictionary of Linguistics and phonetics, sixth edition, Blackwell.
21- Durkin, ph. (2014), Borrowed Words: A History of Loanwords in English. Great Britain: Oxford University Press.
22- Haugen, F. (1950) The Analysis of Linguistic Borrowing. In A.S. Dil (Ed), The Ecology Of Languge, Essays by E. Haugen. Stanford: Stanford University press.
23- https://en.wikipedia.org/wiki/Clash_of_Civilizations.
24- R.L.Trask (1999), Key Concepts in Language and Linguistics, First edition, Routledge, London.
25- Samuel P. Huntington (1993), The Clash of Civilization. (http://users.metu.edu.tr/utuba/Huntington.)
26- Jack C. Richards and Richard Schmidt (2002), Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Third edition.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

The title of the research **"Language clashes and enriching Language dictionary".** It has been mentioned the role of language clashes, especially the phenomenon of borrowing words in language.

The research consists of two parts:

In the first part, talks about the terms of language clashes and the factoring of language clashes, and showing language clashes, language conflicts and language contact.

In the second part, studying language dictionary and borrowing language and borrowing the levels of language and aiming of borrowing and reasoning of borrowing and the processing of borrowing.

Finally the most important results and the list of the references and demonstrating the summery of the research in English language.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)